سەنتەری روناکبیری ئێلبەگی جاف
ELBEGI JAFF CULTURAL CENTER

زنجیرە کتێبی کۆچ
ژمارە (١)

و
خوێندنەوە نوێکانی سەردەم

ساڵح سووزەنی
٢٠٠٦

ناوی کتێب: نالی و خوێندنەوە نوێکانی سەردەم
نووسەر: ساڵح سووزەنی
بڵاوکە: سەنتەری روناکبیری ئێلبەگی جاف
پیتچنین: بێگەرد ساڵح
بەرگ و دیزاین: حیکمەت مەعروف
چاپخانە: بینایی
چاپی: یەکەم
ساڵی: ٢٠٠٦

ناوەرۆک:

پێشەکی

١. دیاردەناسی:
ا. فنۆمنۆلۆژیای شیعری
ب. ئانارشیزمی وەرگرتن یان راڤەکاری نوێ

٢. نالی و جوانیناسیی کانت

٣. ویتگۆنشتاین و یارییە زمانییەکانی نالی

٤. بنەماخواز و خوێندنەوەی دەق

پێشەکی:

نالی و خوێندنەوە نوێکانی سەردەم لە راستیدا بۆ چاپ بە شێوەی کتێب نەنووسرا، بەڵکو بە شێوەی وتارگەلی جیا بۆ ئەو کۆڕ و کۆبوونەوە و دیدارانە نووسرا کە لە کاتگەل جیاواز و دوور لەیەك لە لایەن کەسانی جیاوازەوە بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکانی نالی لە کوردستان سازکرا و لەو کۆڕانەدا خوێندراوەتەوە و لە چەند گۆڤارێکی کوردیدا بڵاوکرانەوە .. بۆ وێنە نالی و دیاردەناسی سالی (٢٠٠٠) نووسرا وە و لە کۆنگرەی نالی لە شاری سەقز خوێندرایەوە و دواجار لە گۆڤاری ئایندەدا بڵاو کرایەوە و.. نالی و جوانیناسی کانت، لەم دواییانەدا (٢٠٠٦) نووسرا و لە (دیدارێك بۆحەزرەتی نالی ((لەلایەن سەنتەری روناکبیری ئێلبەگی جاف ٢٠٠٦/٧/١) لە سلێمانی پێشکەشکرا.

هەر بۆیە وتارەکان بە پێی گەلاڵە و یەکیەتی بابەتی تایبەتەوە دانەرێژراون و هەر کامەیان دەتوانن بابەتێکی سەربەخۆبن و بە گشتی بەو ئامانجەوە نووسراون کە ئاوڕێکی ئەمرۆژیانە لە تێکستە کلاسیکییەکان بدەنەوە. بە تایبەت دەقی شیعری نالی، کە لام وایە دەقگەلێکی کراوەن و ئەو مەودایە ئەدەنە خوێنەری چالاك کە لە چەندین گۆشەنیگای جیاوازەوە بیانخوێنێتەوە، تیشك بهاوێتە سەریان و راڤەکاری و شرۆڤەیان بکاو، لە هەمانحاڵدا رێگا بۆ خوێندنەوەی دیکە لە بەرجەوەنێکی ترەوە خۆشبکا و هیچ یەك لەو خوێندنەوانەش بە سەرەکیتر لەوانی دی لە قەڵەم نەدا.

با ئەوەش بڵێم بە پێچەوانەی خوێندنەوەکانی پێشوو لەم خوێندنەوانەدا ئاوڕێکی ئەوتۆ لە چۆنیەتی ژیان و کەسایەتی و ساڵ و شوێنی لەدایکبوونی نالی و حەبیبە و سالم و... نەدراوەتەوە، ئەوەش لای من ئاساییە بۆ وەی رەخنەی نوێ زێدەتر دەقی لا مەبەستە نەك قرم وقاڵی پەراوێز و شەڕەدەنووك لەسەر دۆزینەوەی مانایەکی تایبەت و نەگۆڕ بۆ دەق و .. بە قارەمان و حەزرەت ناساندنی شاعیر و ...

بەو هیوایەی توانیبێتم دەلاقەگەلێکی دیکە بکەمەوە بەرەو رەخنەی نوێ و دەقە شیعرییەکانی نالی شاعیر و جوانناسی کورد!

ساڵح سووزەنی
سەقز
٢٠٠٦/٧/١٦
sozeni@yahoo.com

دیاردەناسی

فنۆمنۆلۆژیای شیعری

- ئەم وتارە بە پێچەوانەی وتارنووسیی باو، بە شێوەی بژاردەبێژی (گوزین گوویە) پێشکەش دەکرێ. ئەوەش تەنیا لە بەر نوێخوازی نییە، بەڵکو نەمویستووە بەر بە تەقینەوەی وێنە شیعرییەکان بگرم و بیانخەمە چوارچێوەی یەکیەتی بابەتی وتارەوە.
- بە رای من ئەگەر کوردەواری ئەوەندەی شاعیری باشی بووە و/هەیەتی/ئەوەندەش رەخنەگر و خوێنەر و راڤەکاری باشی هەبوایە، ئێستاکە دەبوا زانستی ئەدەبیی سەردەم و زۆربەی رێبازە رەخنەیی و راڤەکارییەکانی وەك رەخنە/ زمانناسی/ نیشانەناسی/ زمانیی/ فۆرمالیسم، بنەماخوازی زانیاریدەر/ هیرمنۆتیك /راڤەکاری/ رەخنەی کۆمەڵناسی ئەدەبی/ فیمنیستی/ماف ژنخوازی و هەڵوەشانەوە و لەم دواییانەشدا رەخنەی پەسا مودێرن و... قەرزداری دەقە شیعرییەکانی نالی بوونایە، بە تایبەت دیاردەناسی شیعر و شاعیر، یارییە زمانییەکانی ڤیتگونشتاین و رەوتی نێواندەقێتی و..
- باوەکو غەزاڵە سرکەکانی نالی بۆ هیچ مانایەکی سەرەکی خۆ بە دەستەوە نادەن، بەڵام ئەگەر لە سەر لایەنێك لە ماناکان بڕیارێك درابێ بە پێی پێش ئیدراکێ بووە لە شیعرەکانی تری خۆی و زۆربەی ئەو شیعرانەش لەگەڵ وتارەکە پەیوەستە.

ئانارشیسمی شاعیرانە بریتییە لە هەوڵدان بۆ دەربازبوون لەو زمانە دەسەڵاتدارە باوەی لە سەردەمی شاعیر و پێشتریشدا سەپاوە و هەوڵی مانەوە ئەدا وەك هێزێکی سەرەکی مێژوویی، ئەدەبی- هونەری. لێرەدا شاعیر نایهەوێ لارەملی ئەو سیستەمە زمانییە بێ کە شاعیرانی پێش خۆی رەچاویان کردووە و وەك رەخنەگریش (راپەڕینێکی

بوێرانە ئەکا بەرامبەر ئەو زەواڵەی کە رەنگە لە قۆناخێکی تایبەتدا دەست بنێتە ئەوکی هونەر) ئەوەش بە فۆرمی نوێی زمانیی نەبێ نارەخسێ. واتە بە بێ گۆڕینی فۆرمی زمانیی هیچ شاعیرێ ناتوانێ ئەو جیابوونەوە و دەربازبوونە بسەلمێنێ، ئاوڕدانەوەیەك لە دەقە شیعرییە دەوڵەمەندەکان و چۆنیەتی مانەوەیان تائێستا، چ لە رۆژهەڵات و چ رۆژئاوا، چشتێ نییە جگە مێژووی بەردەوامی ئەو دەربازبوون و جیابوونەوە زمانیی و فۆرمیانە (نموونە ناهێنمەوە ئەگینا دەبێ باسی سەدان شاعیر بکەم).

***

ئانارشیزمی وەرگرتن یا خوێنەرانە بریتییە لە هەوڵدان بۆ دەربازبوون لە بازنەی ئەو دەسەڵاتە راڤەکارییەی کە بەناوی دەقی رەخنەیی و بۆچوونی مێژوویی سەپاوە بەسەر دەقەکاندا وخوێنەر بێئەوەی بیهەوێ ئەکەوێتە داویەوە. ئەرکی رەخنەی نوێ فۆکۆ گوتەنی دۆزینەوە و ئافراندنی ئەو راڤەکارییەیە کە مێژوو (**وەك دەسەڵات و مەعریفە**) مەیدانی دەرکەوتن و گەشەی ئەداتێ و نەیهێشتووە سەقامگیربێ:

لابدە (نالی) لە ئـــەنباری جیرایەی سالحان
گەرچی ببیە خۆشەچینی دانەیی خەرمانی رۆم

دیاردەناسی شیعریی هەوڵێکە بۆ:

دەربازبوون

لە بازنەکانی دەسەلات – مەعریفەی مێژوو بۆ دەرخستنی جوانکاری و ستاتیکا و ئەزموونی راڤەکاری نوێ. هەر بۆیە دیاردەناسان لە پانتایی رەخنەی ئەدەبیدا گرینگی ئەوتۆ دەدەنە خوێنەر و تیئۆری وەرگرتن . خوێنەری باشی چالاك لای ئەوان ئەو خوێنەرەیە کە لە کاتی خوێندنەوە یان دیتنا، واز لە فەلسەفە و زانستی مێژوویی خۆی بێنێ و لەو تەقینەوە کاتییەی بکۆڵێتەوە کە وێنەیەکی شیعری (بۆ وێنە) لە دەروونیدا سازی دەکا..دیاردەناسان هەروەها هەوڵدەدەن خۆیان لە بۆچوونی زیهنی «سوبژێکتیو» دوورەپەرێز بگرن و لە رێگەگەلی عەینی (ئوبژێکتیو) دەقەکە بەرەو خۆیان بگوێزنەوە. ئەمە وەك دواجار باسی دەکەین رێچارەیەك بوو کە نالی سەبارەت بە بابەتگەلی جیاواز رەچاوی کردووە.

دیدەم هەموو شۆراوە بە شورئاوی سورشـــکم
لەو لەوحە نیگارینە نە عـەین و نەئەسەرما

***

کریشنا مۆرتی لای وایە لە هەر روانینێکدا سێ عامڵ (هۆکار)ی سەرەکی هەیە:

یەکەم: **خودی دیتن** Observation

دووەم: **ئەو کەسەی ئەڕوانێ، واتە** Observer

سێیەم: **ئەوەی لێیدەڕوانی، واتە** Observed

مۆرتی ئەڵێ: (نابێ هیچ مەودا (فاسڵە)یەك بکەوێتە نێوان ئەو کەسەی ئەڕوانێ و ئەو شتەی لێیدەڕوانی، بۆ وەی (فاسڵە) بەرهەمی زەمینە و پێشداوەری ئێمەیە و روانینێکە لە چاوی نەریت و میرات و رابردووەوە بۆ دیاردەکان) ....

مۆرتی دەڵێ: (ئەگەر بەو چاوەوە ئاوڕ لە دیاردەکان بدەینەوە شتەکانی بەو جۆرەی پێویستە نابینین)* ... بە واتایەکی تر چاومان دەبێ بشۆرین و بە جۆرێکی تر ببینین. ئەوەی کە سوهراب سپێهری (لە شاگردەکانی مۆرتی) بە دەیان جۆر درکاندوویەتی:

(من نمی‌دانم چرا می‌گویند
اسب حیوان نجیبی است
کبوتر زیباست
و چرا در قفس هیچ کسی کرکس نیست
گل شبدر چه کم از لاله قرمز دارد ...)

هەروەها بە رێز بەختیار عەلیش ئەم بۆ چوونەی لە شیعری جەلالددا رەچاو کردووە ... واتە پێش زەمینەی زیهنیی بەردەنگی لە مەڕ جەلالد گۆڕیوە و بە ڕای من ئەوە گرینگترین خاڵە کە لەپێناسەی شیعردا دەبێ لە بەر چاوبگیرێت.

---

* . نگاهی به سپیهری . انتشارات مروارید

نالی حەریــفی کەس نیە،
ئولف و ئەلیفی کەس نیە،
بەیتی رەدیــفی کـەس نیە
هەرزە نویـــسە گەپ دەکا

بە چاوی کەسانی تر دیتن، گومبوونە لە ناو تارمایی مێژوودا و بە کۆڵدادانی ئێسکی رزاوی مردووەکانمانە کە پڕن لە دووشت: بوغز و رق یا خۆشەویستی و ئەوەش سەپاون بە سەر دەقەکاندا . کەوایە بە چاوی ئەوان دیتن دەبێتە هۆی خراپ دیتن یا باش دیتن کە هەر دوولا لە روانگەی دیاردەناسەکانەوە هەڵەیە و نابنە شوێن دانانی راستەوخۆی وێنەکان لە سەر رەوانی خوێنەر یا شاعیر خۆی*.

بێتە حوجرەم، پارچە پارچەی موسوەدەم بکڕێ بە روح
هـــەر کەسە کۆتاڵ و پـــارچەی بێ بەدەل سەودا دەکا
شیعری خـــەڵکی کەی دەگـــاتە شیعری من بۆ نازکی
کەی لە دیقەتتدا پـــەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا

باشلار لە دیاردەناسی شیعردا دەڵێ : (لێرەدا مرۆڤ دەبێ لە وەرگرتنا لێهاتووبێ، واتە گرینگی بداتە وێنە لە کاتی سەرهەڵداندا،

* بروانە freedom from know یا رزگاری لە زانین . کریشنا مورتی. لە سەرچاوەی پێشوودا

ئەگەر بمانەوێ فەلسەفەیەك بۆ شیعر بناسین، ئەو فەلسەفەیە دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ بەندێکی شیعریدا بەرجەستە ببێتەوە و لە پێوەندی تەواو لەگەڵ وێنەیەکی سەربەخۆدا بێ... وێنە یا (ئیماژی) شیعری تەقینەوەیەکی کتوپڕە کە لە رووپەڕی رەوانی مرۆڤدا دەردەکەوێ، جگە ئەوەش هیچ وتەزا (مقولە)یەکی گشتی و رێکخراو ناتوانێ ببێتە بنەمای فەلسەفەی شیعری. بەتایبەت ئەندێشەی ئەسڵ و هەوێنی سەرەکی رووخێنەر و وێرانگەرە، بۆ ئەوەی دژایەتی هەیە لەگەڵ فعلییەتی رەوانیی و نوێخوازی، کە بۆ شیعر حەیاتییە، بەڵام فەلسەفەی شیعر دەبێ ئەوە قەبوڵ بکا کە کار/کنش/ی شیعر پێشینە هەڵنەگرە، یان لانی کەم پێشینێیەکی نوێیە کە دەتوانێ رەوتی بیچم وەرگرتن و سەرهەڵدانی تێدا رەچاو بکەین. بە رای من پێوەری راستەقینەی توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی بوونی / وجود/ وێنەی شیعری پێچەوانەی هۆکار / علیت / ە و لە رووی تەقینەوە و دەنگدانەوەوەیە)*

ئاوی کەوسەر نۆشی سوفی بێ کە من
ئاوی ئینسان یەعنی ئاوی لێو دەخۆم

***

نالی شاعیرێکی لێهاتووە کە هەر دوو لایەنی ئافراندن و خوێندنەوە / واتە رەخنەی / دژ بە دەسەڵاتە زمانییە باوەکانی نواندووە:

* . پدیدار شناسی شیعر. شلایر ماخر. ارغنون ١٤ (بروانە پەراوێزی١)

ا. لە ڕێگەی زمانی تایبەتی خۆیەوە / سۆرانی، وشەگەلی فارسی، عەرەبی، تورکی .../ نامۆکردنەوە و بەرجەستەسازی گەیاندووەتە ئەوپەڕی خۆی، ئەوەی کە دواجار فۆرمالیستەکان ئاوەڕیان لێدایەوە.

ب. لە ڕێگەی کێشی عەروزەوە کە تا ئەوسا بۆ زمانی کوردی تاقی نەبووەوە دژی کێشی بڕگەیی، کەتا ئەو کات بووە بنێشتە خۆشە، هەڵسا و پێشانی دا زمانی کوردی نەک تەنیا ئەو توانایەی هەیە بەڵکو خۆی گوتەنی دەتوانێ مڵکی ئەوانیش داگیر بکا:

فارس و کورد و عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتووە
نالی ئەمــــڕۆ ساحیبی سێ مڵکــە دیــوانی هەیە

ت. مەعریفەی دەسەڵاتداری سەردەم نەیتوانیوە نالی لە خشتەی خۆیدا ببەستێتەوە وەک دواجار پیشاندەدرێ ئەنگوستی ئیشارەتی نالی بە ئاگا و نائاگا بەردەوام رووی لە زەوییە نەک ئاسمان.

بە گشتی نالی گوێی نەداوەتە رابردوو، لە ئێستادا شیعر دەڵێ(گوتووە) وەک ئەوەی بۆ یەکەمجار دیاردەکان دەبینێ... ئەو هەروەها گوێنەداتە ئەو راڤەکارییەی تا ئەوساتە لەسەر شیعر هەبووە واتە ئەو خۆی گوتەنی بازی دیدەبازە نەک شەوارەی دەستەمۆ:

لێم حەرامە دانە و و ئاوی حەماماتی حــەرەم
من کە بـازی دیدە بـازم نەک شەوارەی دەستەمۆ

ئەو دیوانەکەی بە **جیلوەدەری حوسن و جڵەوکێشی تەماشاوە** دەستپێدەکا: تەقینەوەی ئەم وێنەیە تەقینەوەیەکی ئاسایی نییە ... بۆ ئەوەی جیلوەدەری حوسن و جڵەوکێشی تەماشا، بۆن و بەرامی ئەرزی لێدا نەک ئاسمان:

بڕواننە خوازەی جڵەوکێش کە ناتوانێ ئاسمانی بێ (بۆ ئەوەی باری سۆز و عاتیفی جڵەوکێش لە خوارەوەیە). سەررشتەیی دینیش دێتەوە سەر دیتن، بۆ ئەوەی هەر سێ وێنەی سەرەکی ئەم دێڕە دێتەوە سەر کاری دیتن، کە وایە دین لێرەدا ناتوانێ مانای دیتن نەبێ.*

هەروەها بڕواننە بازنەوشەی جیلوە/ حوسن/ تەماشا، رشتەی دیتن/ دین/ کە هەموویان بەرهەستن و ناچنە خانەی دەرهەست (یا ئینتزاعەوە).

بەیتی دووهەم: باخی گوڵ / خوازە بۆ روو/ میهر / خۆشەویستی، مڵ و لەعل/ خوازە بۆ لێو. دیسان دەگەڕێتەوە بۆ هەستی مرۆڤانە کە پێوەندی بە تەماشا و دیتنەوە هەیە . نالی لە بەر ئەوەی خوێنەر نەچێ بە لایەکی دیکەدا بە ئەنقەست لە مەسرەعی دووهەمی ئەو بەیتەدا وەک لەف و نەشر بەرامبەر گوڵ /شەوقی روخ و بەرامبەر میهر بزەی یاری داناوە کە زائیقە بەخشن، زائیقەش بۆ چێژوەرگرتنی بەرهەست دێ نەک دەرهەست وەک مەزە و .../ زائیقەش لە زمانی عەرەبیدا وەک لە دیوانەکەیشدا (بەژێرنووس) نووسراوە موئەننەسی (مێی) زائیقە و

* . بڕوانە پێشەکییەکەی، مامۆستا هێمن لە دیوانەکەی چاپی (ئینتشارات سروە) دا

ئەندامی زائیقەش دیارە زمانە و زمان بۆ هەست و دەرکی ئاسمانی(واتە میتافیزیکی) ناتوانێ بەجێ بێ.

با دیسان بڕوانینە خشتەی بەرامبەرەکان:

فەییازی: **شەوق**
ریازی گوڵ: **روخ**
میهر: **زەوقی لەب**
مڵ و لەعل: **زائیقە بەخش**

دیارە خیتاب مێیە !

وێنەکان دیسان دەتەقنەوە و رەوانی مەش داگیردەکەن، بڕواننە:

جیلوەدەری حوسن / وێنەی یەکەمی بەیتی یەکەم فەییازی ریازی گوڵ یا / شەوقی روخ ومڵ و لەعلی، ئاوڕدانەوە و وەڵامدانەوەی ئەویش بەمیهری جەلال / واتە پێکەنین بە دەم نالیەوە / نە تەنیا نالی بەڵکو سوڵتان و شەهنشاش گێژ دەکەن دەیانخەنە هاتوچۆی سەرزەدەوە .../ زەڕڕاتی عکووسی کەششی میهری جەلالن بەمانایەکی تر ئەتوانێ هەر ئەم باسە بسەلمێنێ کە بە داخەوە لێرەدا بۆ ئەوە نابێ باس بکرێ.

سوڵتان و شەهەنشاش لە هیچ قامووسێدا موریدی جەلال بە مانا ئاسمانییەکەی نەبوونە و بەڵکو دایم بە دوای زائیقەوە بوونە ... ئەمانە هەمووی نیشانەن کە خوێنەری زیرەك دوای کەوێ و وێنە شیعرییەکان بداتە دەم یەك – هەڵبەت نە بەرەو ئاسمان بەڵکو بەرەو زەوی بۆ لای کەششی میهر و گەورەبوونەوەی (پەرەسەندنی) بۆ ئاواتی ماچ لە دێری چوارەمدا:

جان بەر لەبی بووسەی لەبتە عاشقی زارت
فـــالبـــائس یستـــوهـــب مـن فیك معـاشا (داوای مەعاشت لێدەکا)

ئێستە زەڕڕاتی عکووس (وێنەی یەکەمی بەیتی سێهەم) جان بەرلەب (وێنەی یەکەمی بەیتی چوارەم)

فالبائس (وێنە یەکەمی مەسرەعی دووهەمی بەیتی چوار بەراورد بکەن بۆ وەی سەری هەوداکەی نالیتان لێ ون نەبێ ... هەروەها دووپاتبوونەوەی لەب (سێ جار) زرووف (هەر بە مانای لەب) لە یەك بەیتدا لە باری نائاگایی هۆش و هەستەوە ئەسەپێ بە سەر بائیسدا و بە زۆریش بووە ئەیکا بە باس واتە ماچکەر / هەر چەند ئەگەر بە مانای ناهومێدیش بیخوێنینەوە هەر هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ.

نالی لەم شیعرەدا دەسکاری زمانی دەسەڵات ئەکاو بە ئیزافەکردنی گوڵ بە لاحەول سەر لە نوێ راپێچمان ئەکاتەوە بۆ ئەرز. دواجار وەك ئەوەی ئاگاداری دەسەڵاتی راڤەکاری سەردەم بێ و ئەزانێ کە خوێنەر رەنگە بخرێتە سەر رێگەی جاران، حوجەتی خۆی تەواو ئەکا. نییەتی نالی سیحری بەیان و حیکمەتی شیعرە و بەس، بەڵام قووەتی دڵی نییە و ئەترسێ و قودرەتی ئینشاکەی هەر ئەوەندە ئەتوانێ بڵێ:

نالی نییەتی سیحری بەیان، حیکمەتی شیعرە
لەوە زیاتر. سەرداری لە دوایە /
ئەمما نییەتی قووەتی دڵ قوودرەتـــی ئینشا.

***

دیاردەناسی

ئانارشیزمی وەرگرتن یان راڤەکاری نوێ

پێم دەڵێن مەحبووبە خێڵ و قیچە مەیلی شەڕ دەکا

خێڵ و قیچە یا تەرازووی نـازی نەختێ سـەردەکا!

نالی بە دوو شێوە ئاوڕی لەو بابەتە داوەتەوە: یەکەم وەك بەم دێڕەدا دەرئەکەوێ روانگەیەکی دیاردەناسانەیە واتە خۆی خستووەتە جێگەی بینەر /خوێنەر – موخاتیبەوە/ و بە چاوێکی شۆراو لە هەموو ئەزموونەکانی ستاتیکا ئاوڕی لەدیاردەکان/ لێرەدا چاوی خێڵی مەحبووبە/ دراوەتەوە، نەك وەك راڤەکاران و شاعیرانی پێشوو کە لایان وابوو تەنیا کۆتر جوانە و بەس/ وەك لە پێشەکی ئەم وتارەدا باسکرا، نالی لە چاوی خۆیەوە چاوی مەحبووبە ئەنوێنێ و رێگەیەکی تر دەخاتە بەردەم جوانناسی سوونەتییەوە.

خێڵ و قیچە یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چاو

مەیلی راست هـاوێتنی موژگانی دڵ پەیکر دەکا

نالی بەمجۆرە ئەیسەلمێنێ گوڵی شەبدەر / بۆ وێنە/ نە تەنیا هیچی لە گوڵاڵە سوورە و وەنەوشە و نیلووفەر لە باری جوانییەوە کەمتر نییە بەڵکو سەرتریشە/ سەرنج بدەنە ئەوەی کە سوهراب سپێهری دوو سەدە دوای نالی شتی وای گوت و بوو بە کەڵە شاعیر:

چـــــاوی هەمرەنگی گوڵی مەستی شەو و ڕۆژن مەدام
یەك لە نەشکوفتەی وەنەوشە و یەك لە نیلوفەر دەکا

دوای تەقینەوەی وێنەی سەرەکی و سەلماندنی ئەوەی کە ***چاوی مەحبووبە بە خێلیش هەر جوانە*** ئانارشیزمی وەرگرتن دەبێتە ئانارشیزمی هێرشکەر: دژ بەو دەسەڵاتە راڤەکارییەی کە تا ئێستا وەك تووتی هەر شتی دووپاتکردووەتەوە و هەوڵی ئەوەی داوە کە دیاردەکان لە خۆیانا بتوێننەوە، پێشتر خۆی فەرموویەتی:

توتیی تۆ لەحیرسی دڵ داوی تـەمـەع دەکاتە مـل
بولبولی من لە ئەشقی گوڵ تـەغنیە و تـەرەب دەکا

نالی لێرەدا نەك هەر سەڤ خۆی لەگەڵ تووتیبێژەکان جیا ئەکاتەوە بەڵکو وەك کەج نەزەر هێرش دەباتە سەریان کە چووزانن خوار و ژوور کامەیە:

عەکسی چـاوی تۆ لە چـاویدا بە خــــواری تێدەگەی
کەج نەزەر، کەی فەرقی خوار و ژوور و خێر و شەڕ دەکا

شۆڕشگێڕی نالی لێرەدایە کەدەردەکەوێ، بریا مامۆستا هێمن لە جوابی ئەو کەج نەزەرانەدا کە گوایە نالییان بە (زمانباز) ناو بردووە[*]،

[*] . نالی هەموو ئەو کەسانەی کە بەناوی دینەوە ریادەکەن دەکوتێ: سۆڤ، شێخ، واعیز، زاهید. تەنانەت مەلا وەك: لە پەراوێزی ژمارە (٢) دا چەند نموونەیەك بخوێنەرەوە.

باسی زمانبازی نالی وەك ئازایانەترین زێبازی ئەدەبی لە بەشی دووهەمی ئەم وتارەدا دێت و ئەوەش با بمێنێ بۆ جێگەی خۆی، ئەمانەی بگوتایە کە: شاعیران، شۆڕشگێڕانی راستەقینەی جیهانن، ئەوەی رووبەرووی دەیان دەسەڵاتی قەبە دەبێتەوە و دەڵێ نا، ئیجگار لەو سیاسەتبازە دەمامك لە چاوانە شۆڕشگێڕترن کە تەنیا دروشم ئەدەن و هەر تاوێ کاسەلێسی پاشایەکەن ... کەچی نالی تاقە موویەکی تووڕەیی یار ناگۆڕێتەوە بە هەزار تووڕەیی پاشایەتی و تەوقی وەزارەت:

شـــــــایستەی شان لایەقی مل تووڕەیی تۆیە
نەك تووڕەیی شاهەنشەهیی و تەوقی وەزارەت

کێ دەستی دەگــــاتە بەی و ناری نەگەیشتووت
لەو تەختە کـــەوا ساحیبی مۆرن بە سەدارەت

بە دەیان نموونەی تری وا نالی وەڵامی ئەوانەی داوەتەوە:

هەر کەسێ نوقسانی خۆی باوێتە سەر رووی ئاوێنە

شـــــاهیدی هەر چەندە (رای العین) کێ باوەڕ دەکـا

ئەوەی رووی ناحەزان لە ئاوێنەی چاوی قیچی یاردا ئاوەها بە جوانی پێشانئەدا چۆن ئەتوانێ شۆڕشگێڕ نەبێ؟ شۆڕشگێڕی لە

شکاندنی بازنەی دەسەڵاتی زماندایە و چاوی نالیش وەك چاوی مەحبووبە بە راستی شاهێنە و داییم سەر دەکا و لە هیچ ناگوزەرێ:

نالی ئەو وەحشی غەزاڵە کەس ئەبەر داوی نەکەوت
چـــونکە شاهێنی دوو چاوی تیژە داییم ســـەر دەکا

نالی نیچە ئاسایان بە پێچەوانەوە شمشێر لە ئاسمان ئەسوێ و عرفانییەت و تەقەددوسی ئەشقی خانی دێنێتە خوارەوە ... بە داخەوە ئەوەی شیعری مەستوورەی تائێستا خوێندووەتەوە ئاوڕی لە گرنگترین مەسەلە نەداوەتەوە کە:

ئەشقی زەوینی و بێ ریایی نالی لە ئەشقی واعیزان و سۆفیان و زاهیدانی دەمامك لە چاو و درۆزن موقەددەستر و شاعیرانەترە لەوانەی خوی گوتەنی:

ریشـــەکەی پان و درێژە و بۆ ریا خزمەت دەکا
زاهیرە هەر چەن بە توول و عەرزی ریشیدا ریا

ئەو بە مەیی کۆنە لە سەر عادەتی نەو یەکجارەکی دووسەد ماتەمی تەوبە دەشکێنێ:

ئەی واعیزی بارید چییە هەر وەك هەرەسی کێو
بـەو وەعزە کە بایە هـەموو هاتوویی بە سەرما

بۆ هەرکـــەسە مەبزوولە تەریقێکی ئـــەمـــانەت
هـــــەر ئاشقی بێچارە لەرێی خەوف و خەتەرما

بۆ دەمامك لە چاوان مەترسییەك نییە لە ئارادا بۆ ئەوەی دەمامك زۆرە و لە کاتی پێویستا هەر کامیانی پێخۆش بێ دەیکاتە چاو... / یان دەیکەنە چاویان/

تەنیا عاشقی شۆڕشگێڕ و شاعیری بێچارەیە کە بەردەوام لەمەترسی و خەتەری چارەنووسی هەڵلاجدایە.

پول ریکۆر سەبارەت بە رەخنەی دیاردەناسانە دەڵێ: (دیالێکتێکی نێوان پێش ئیدراك و پێش داوەرییە)، پێش ئیدراکی من بۆ ئەم قسە هەر شیعرەکەی نالی خۆیەتی:

سورشکم نەقـــــشی چاوی تۆ دەکێشێ
جێگام سەرداڕەکەی مەنسوورە ئەمشەو

نالی بۆ بە زمانی سۆرانی شیعر دەڵێ؟
نالی بۆ کێشی خۆماڵی بە کارنابا؟
نالی بۆ ئەوەندە وشە ئارایی دەکا و لە هیچ وشەیەك ناپرینگێتەوە؟ و ...

بۆ ئەوەی نالی ئەیەوێ شاعیر بێ و فەننی شیعر لە هەر کوێ بێ بە هی خۆی ئەزانێ ... بۆ وەی نالی نایەوێ تووتیبێژ بێ .. بۆ وەی نالی ئەیەوێ رچەشکێن بێ نە سیایی لەشکر ... بۆ وەی نالی ئەزانێ لە

پانتایی ئەدەبدا تەنیا یەكمان هەیە و كاری (خارق‌العادە) ئەگینا دوو و سێ و .. تاد دۆڕاندوویانە و تەنیا شاسوار لە عەرشەی ئەدەبدا دەمێنێتەوە:

یا لەمەیدانی فەساحەتدا بە میسلی شەهسوار
بێ تەئەمووڵ بەو هەموو نەوعە زمانی رادەكـا

نالی یەك و ئەو كەس كە تەمامی غەزەلی بیست
مەعــلوومی بووە زۆر و كەمی خاریقی عـــــادات!

***

پەراوێز:

١) «شەوقی كە نەبێ باسیرە مەئیووسە لە دیتن!
هەر شەوقی ئەوە قووەتی دینی بەنەزەردا»
یا «چاوێكی لە نالی كرد، دین و دڵ و جانی برد
گەر زوڵفە ئەگەر نازە گەر خەندەیە گەر چاوە»

«تۆ كە حۆریت وەرە ناو جەننەتی دیدەم چ دەكەی »
یا «نالی وەرە لادە لە خەدەنگی موژەیی یار
ئةو كافرة مةستانة كة غارةتطةري دينن»

٢) ئەی سۆفی سافی مەبە ئالوودە بە دنیا

بێهوودە موكەددەر مەكە سەرچاوەیی مەشرەب /كە لێو بێ/
شێخیی و سەراپا دەڵەك و رێوی دەپۆشیی
نالیم و بە رووتی لە هەموو دیدە دەپۆشم

ئەمە جێی رەمز و ئیشاراتی دەروونە لە گەرووی

تەنگی پڕ غەرەغەرەیی واعیزی غەڕڕا نییە باس

سۆفی لە فەقر و فاقە وەكوو ناقە فاقی دا
تەسبێحی دام و دانە بە ریشی دوو فاقی فاق

سۆفیان هاتنە مەیدان وەرەقی دیدە بشۆن
لە كن ئەو دێمیە وشكانە لە دەریا نییە، باس

یاخۆ بووە بە سۆفیی وشكی لە حەق بە دوور ....

نالی و جوانیناسیی کانت

(١)

بیدی مەجنوونە وجوودم لە هەموو بەر بەرییە

نە کەسێ مونتەفیعی یەك بەری یان سێبەرییە

چـــیت لە کاکۆڵی سەر و مـــوویی میانی داوە

هەموو هەر هەم و پەرێشانیی و دەردیسەرییە

بە ریا باری تەکالیفی رســــــوومی بۆ خەڵك

چ دەکێشی؟ ئەمە حـــومقێکە عەلاوەی کەرییە

موتمەئین خاتر و ئیمەن مەبە هەرگیز لە شەڕی

نەفسی ئەممارە کە ئەم مارە لەگەڵ تۆ شەڕییە

لـــــۆمەیی نالیی دێوانە مەکەن ئەی ئوقەلا

ئەمە مودێکە زەدەی لە تەمەیی دەستی پـــەرییە

ئەمــە رەنگــە پرســیاری زیهــنی هــەمووومان بــێ کــە، کەڵەشاعیرانێکی وەك نالی چۆن شیعر و لە راستیدا جوانیناسییان پێناسەکردووە و ئەو هەموو کایە زمانییەیان بە پێی چ پێناسەیەکی

دەروونی یان عەینی و بەدەقکراو هەبووە؟ چۆن ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کردوویانەتە پرۆسەی تێئۆری دەق و دواجار ئەوەند ئەو پێناسەیە سەقامگیر یان نەهادینە دەبێ کە ئەو باوەڕە وەها لەگەڵ یەکیەتی بابەتەکەیان تێکەڵاو و ئاوێتە دەبێ، کە بەس خوێنەرانی چالاك دەتوانن لە ئانالیزی تێکستەکەیاندا ڕاڤەکاریی بکەن.

تۆ بڵێی کەسانی وەك نالی کە ئەو هەمووە ئالوودەی شیعر دەبن ڕۆژێ لەڕۆژان بیریان لە پرۆژە یان پرۆگرامێکی جیاواز نەکردبێتەوە و لە هەوڵی پێڕەویکردنی ئەو پرۆژە شیعرییەدا نەبووبێتن؟

نالی لەو شاعیرانەیە کە بەردەوام وردکارییە زمانییەکانی ئەداتەوە بەناوچاوی خوێنەراندا و لە زۆر تێکستی شیعریدا دڵنیایە کە کەم کەس توانای دەرك و لانی کەم بینینی زۆربەی ئەو زەریفکاریانەی هەیە و ئێستاکە پاش دووسەدە و *ئەوەندە* ساڵ و دوای ئەو هەموو (پەلەقاژە ناشیانەیە)/ قسەی مەسعوود محەممەد لە زمانی هێمنەوە/ لە خوێندنەوەی دەقەکانی نالیدا بەو ئەنجامەدەگەین کە نالی مەبەستی خۆهەڵکێشان نەبووە و سەرەندەری ئەو هەموو وردە داوگەلە کاری یەك کەس و چەند کەس نییە ... و ڕەوتی ڕەخنە و ڕاڤەکاریی جیهانیش ئەم ڕاستییەی درکاندووە کە خوێندنەوەی شیعری کەڵە شاعیرانێکی وەك نالی، بەس لە یەك گۆشەنیگاوە، دەمانخاتە (غەڵەتاوە) کەی نالی خۆیەوە.

پێشتر لە وتارگەلی (نالی و خوێندنەوە نوێکانی سەردەم) دا هەوڵمدا لە ڕوانگەگەلی نیشانەناسانە، دیاردەناسانە و گەمەزمانییەکانەوە ئاوڕێك لە شیعری نالی بدەمەوە و ئێستاش لەسەر ئەو باوەڕەم کە غەزاڵە سرکەکانی شیعری نالی بە هیچ لەونێك ناخرێنە تۆڕی مانایەکی تایبەتەوە. بۆیە لێرەدا هەوڵئەدەم لە ئانالیزی شیعرێکی دیکەیدا (کە تا ئێستا ئاوڕێکی ئەوتۆی، جگە ماناکردنەوەی فەرهەنگ و وشەییانەی ڕوالەتی، لێنەدراوەتەوە) بچمەناو بابەتێکی دیکەوە کە ڕەنگە بە بۆچوونێك گرینگترین بابەت بێ بۆ کردنەوەی دەقی شیعریی نالی، ئەویش چونیەتی ڕوانینی نالی بووە لە غەزاڵەکانی خۆی(یان پێناسەی خۆی بۆ شیعر) و لەو ڕێگەوە ئەمهەوێ پردێکی پێوەندی ساز کەم لەگەڵ ڕوانینی ستاتیکیانە و ڕەخنەگرانەی سەردەم!

ئانالیزی دەق، ئەوەی لە خوێندنەوەی یەکەمی ئەم شیعرەدا دەرئەکەوێ گرینگیدانی نالییە بە گۆشەنیگا و چۆنیەتی کەڵك وەرگرتن لەو تەکنیکە لە دەقی شیعریدا:

١. **گۆشەنیگای من (یەکەم کەسی تاك)**:

بیدی مەجنوونە وجوودم لە هەموو بەر بەرییە

نە کەسێ مونتەفیعی یەك بەری یان سێبەرییە

٢. **گۆشەنیگای سێهەم کەسی تاك: بەردەنگی ئەم گۆشەنیگایە کەسی غاییبە**:

چیت لە کاکۆڵی سـەر و موویی میانی داوە

هەموو هەر هەم و پەرێشانیی و دەردیسەرییە

٣. **گۆشەنیگای دووهەم کەس" کە منی تێدا دەبێتە بەردەنگی ئامادە و رووی دەمت لەو یان خود دەبێ:**

بە ریا باری تەکالیفی روسوومی بۆ خەڵك

چ دەکێشی؟ ئەمە حومقێکە عەلاوەی کەرییە

موتمەئین خاتر ئیمەن مەبە هەرگیز لە شەڕی

نەفسی ئەممارە کە ئەم مارە لەگەڵ تۆ شەڕییە

٤. **گۆشەنیگای زیهنیی شاعیر**: کە رووی دەمی لە ئەوان (عوقەلا)یە و گرێی مانایی و پێکهاتەیی شیعرەکەش لەم دێڕەدا دەکرێتەوە بۆ وەی شاعیر لێرەدا وەك من (منۆلۆگ) قسە ناکا و منی دێڕی یەکەمیش لە خوی دەسڕێتەوە:

لۆمەیی نالـیی دێوانە مەکەن ئەی ئوقەلا

ئەمە موددێکە زەدەی لە تەمەیی دەسـتی پەرییە

ئەوەی ئاشنای کایەکانی ئەدەب بە گۆشەنیگا بێ، دەزانێ کە هەر کام لە گۆشەنیگاکان لە بەر دەسەڵاتی تایبەتی خۆیان بۆ نواندنی دیاردەکانی دەوروبەر و هەستە دەروونییەکان گرینگایەتی ئەوتۆیان هەیە، واتە گۆشەنیگای یەکەم کەس بۆ دەربڕینی سۆز و عاتیفەی دەروونی و بەگشتی دەروونییات سروشتی ترە و گۆشەنیگای سێهەم کەس کە بە زانای گشتی بە ناوبانگە بۆ چوونە ناو دەروونی کەسایەتی ناسروشتی دەنوێنێ، بەڵام توانای پێوەندیدانی بە دیاردە و کەسایەتییەکانی دەوروبەر و دوورتریش، زێدەترە و گۆشەنیگای دووهەم کەس لە بەر ئەوەی بەردەنگ ئامادەبوونی هەیە دەبێتە دەنگی دووهەمی منی تاك یان دیالۆگی خود و من و .. نالی بە جوانی و بە ئەنقەست ئەم گۆشە نیگاگەلەی لەم کورتە شیعرەدا بەکارهێناوە بۆ ئەوەی:

ا. شارەزایی خۆی لەو بوارەدا بێنێتە ئەزموون و نوێخوازبوونی خۆی (لەو سەردەمەدا) بسەلمێنێ و بە راستیش سەلماندوویەتی.

ب. سەرنجی خوێنەر بەرەو راوی (گێڕەرەوە) کان راکێشێ بۆ وەی بزانن کێ لەگەڵ کێ قسەدەکا و رووی دەمی کێ لە کێیە؟ راموایە ئەگەر خوێنەر ئەم مەبەستەی بۆ روون نەبێتەوە، شیعرەکەش ناپێکێ و جیا لە جوانکاری و تکنیکی نوێ بۆ توێژی دووهەم و سێهەم و ... ی دەقەکەش رێنموون نابێ. هەروەها کە لە ژێرنووسی دیوانەکەشیدا دەبینین شیعرەکە بە راستی نەپێکراوە ..

نالی لەگەڵ کێ قسە دەکا، بەردەنگی نالی کێیە چ کەسانێك بەردەنگی نالین؟

لە خوێندنەوەیەکی دیکەی شیعرەکەدا، بە سەرنجدان بە بازنەی وشە یان دەستە واژەکان دەبینین کە نالی لە دێڕی(٣ و٤)دا، و (عۆقەلا و پەری) لە دێری کۆتاییدا دەوری بەردەنگ دەگێڕن. واتە نالی بەردەنگی عوقەلایە لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە بەردەنگی پەرییە، بەو پێیە عوقەلا و پەریش دەبنە بەردەنگی نالی.

لێرەدایە کە کەڵك وەرگرتنی نالی لە گۆشەنیگا ئاشکرا دەبێ (من و خودی لایەنگری شیعر و کێشمەکێشی نێوانیان وەك بەرەی عەقڵ و بەرەی هەست و..) خوێنەر دەخاتە ناو داوێکی دیکەوە بۆ دۆزینەوەی خوازەی پەری.

ئەگەر نالی لە خشتەیەکدا بە پێی ئەو گۆشەنیگاگەلە بکێشینەوە دەبینین کە لە دوولاوە بەم چەشنەی خوارەوە بوەوتە بەردەنگ:

عوقەلا (یان بەشی سەربە عەقڵی زیهنی شاعیر)

↓

نالی

↑

پەری (دەروونیات، جوانی، نەفسی ئەممارە و..)

ئێستە بە سەرنجدان بە لیستەی خەتابەکان، لەوانەیە بتوانین خوازەی پەری ئاشکرا بکەین:

١. خەتابی پەری سەرەتا لەگەڵ خۆی (دێڕی یەکەم بە گۆشەنیگای یەکەم کەس.

بیدی مەجنوونە وجوودم ...

٢. خەتابی پەری بە شاعیر (کە نالی بێ) یان بە پێچەوانەوە دێڕی دووهەم، گۆشە نیگای دووهەم کەس.

چیت لە کاکۆڵی سەر و موویی میانی داوە ...

٣. خیتابی عوقەلا (یان بەشی سەربە عەقڵی زیهنی شاعیر) دیڕی ٣و٤.

بە ریا باری تەکالیفی رسوومی بۆ خەڵك

چ دەکێشی؟ ئەمە حومقێکە عەلاوەی کەرییە ... تاد

٤. خیتابی نالی راستەوخۆ بە عوقەلا و ناراستەوخۆ بە پەری (گۆشەنیگای زیهنیی بو ئەوان) لە دێری کۆتاییدا:

لۆمەیی نالیی دێوانە مەکەن ئەی عوقەلا ...

ئێستە ئەگەر پەری(بە کاکۆڵی سەر و موویی میانەوە، بەرینەوە سەر بیدی مەجنوون بەو هەموو زەرافەت و جوانیيەوە، تێدەگەین کە پەری هەمان شیعرە کە نالی لە لایەکەوە گیرۆدەی پرۆژەکەی ئەوە و لەلایەکی دیکەوە گیری عەقڵ و عوقەلایە:

پای استدلالیان چـــوبین بود

پای چوبین سخت بی تمکین بود

(مولوی رومی)

کەوایە ئەم شیعرە چۆنیەتی تێکەڵبوون و بەرەنگاریکردنی نالییە وەك شاعیر لە گەڵ عەقڵ و مەنتیقی ئیستدلالی لە لایەك و شیعر و هونەر و جوانیناسی لە لایەکی دیکەوە.. بەو پێیە خشتەی

پێکهاتەیی و مانایی شیعرەکە لە توێژی دووهەمیدا بەشێوەی خوارەوە دەگۆردرێ:

(عەقل) و مەنتیقی ئیستدلالی

↓ ↑

شاعیر و جوانیناسی

↑ ↓

شیعر و هونەر

ئەنجام لەم کێشمە کێش و ململانێیەدا شاعیر لایەنی شیعر و هونەر دەگری و لادانی لە ڕێگەی عەقڵ دەخاتە ئەستۆی پەری شیعر*

لـۆمەیی نالـیی دێوانە مەکەن ئەی ئوقەلا

ئەمە موددێکە زەدەی لە تمەیی دەستی پەرییە

---

* . لە راستیدا من و خود و بەرزەمنی نالی لەم شیعرەدا یەکیان بە نوێنەرایەتی عەقڵ و بەئاگا و یەکیان وەك نەفسی شەیتانی و ئەمارە و نوێنەری ئەم مارە(بە خوێندنەوە فرۆیدییەکەی) هەریەکیان لایەنگەلی تەبایی و ناتەبایی و بەینابەین (دێوانەیی) هاتوونەتە ئاخاوتن و پێکهاتەی فۆرمی و مانایی شیعرەکە دەنێنەوە و ئەمە ش توێیەکی دیکەی مانایی شیعرەکەیە کە مەبەستی ئەم وتارە نییە.

(٢)

وەک دەزانین لە دوو سەدەی رابردوودا باوەکو ناو بە ناو هێندێ تیۆرەی نە زۆر بەربلاو لەلایەن رەخنەگرانەوە لە سەر سەربەخۆیی هونەر بلاوکرایەوە بەلام سیستەماتیکترین تیۆرە لە لایەن کانتەوە لە کتێبی (رەخنە لە داوەری) / نقد قوە حکم/ دا بلاوکرایەوە.
لەو کتێبەدا کانت گرینگی زۆری دایە (غایەت) یان غەرەز / zweck کە بە رای ئەو بوونێکی سەربەخۆی هەیە لە خواست یا مەیلی مرۆڤ.
کانت پیێ وایە / غائیت / دەتوانێ بێغەرەز بێ..

کورنێر راڤەکاری گەورەی بەرهەمەکانی کانت سەبارەت بەو گوتەیە دەلێ:(ئێمە زۆر جار شتگەلێك دەبینین / چ ئەوانەی دەستکردی مرۆڤن، چ شتی تر / ئەوەندە ئەجزایەکی خاوەن رێژە و رێکوپێکیان هەیە کە بە گشتی وەک شتێکی گەلاڵەدار / تەرحدار/ دێنە بەر چاو، بێئەوەی بیر لەو هۆکار و ئامانجە بکەینەوە کە خاوەنەکەی بۆی دارشتووە یان مەبەستی بووە. تەنانەت هەرگیز بیریشی لێناکەینەوە کە کێ و بۆ چ مەبەستێ سازیکردووە. کانت پێیوایە جوانی جۆرە مەبەستێکە / غائیەت/ کە بێئەوەی مەبەستەکە لە بەرچاوبگرین دەناسرێتەوە یان دەرکدەکرێ. بە رای ئەو کۆی مەبەستمەند/ کل هدفمند/ لە دوو لایەنەوە دەبینرێ:

یەکەم: ئەوەی کە بمانهەوێ ئەو شتە لە رەهەندی ئامانجخوازییەوە ببینین.

دووهەم: هەر ئەو شتە بەپێی زەوق و سەلیقەی جوانناسانە هەڵسەنگێنین. ئەگەر وەک گەیشتن بە قازانج و کارکردی شتەکە تەماشا و پەسەندی بکەین ئەوە مەبەستخوازین و ئەگەر رێژە و تەبایی نێوان پاژەکانی ئەو شتە بە پێی زەوق و سەلیقەی جوانناسانە هەڵسەنگێنین، بێ ئەوەی ناوەرۆک یا چەمکێکی پێوە ببەستین ئەوە داوەرییەکی جوانناسانەمان کردوە.

S. Korner Kant ١٩٦٧ pp١٨١- ٢ ١٨٤- ١٨٥ /

سەرچاوە: (فۆرم چیە) حشمت علایی.

کانت لە بەشی دووهەمی «رەخنە لە داوەری»دا بەم جۆرە شیکاری شتی جوان das schone دەکا: ئەو چێژە کە بوونی واقعی شتەکانمان وەبیر دەخاتەوە قازانج یان قازانجێتیە و ئەو هەستەش لەگەڵ مەیلی مرۆڤدایە. کاتێ پرسیارێ سەبارەت بە جوانی بێتە ئاراوە مەبەست ئەوە نییە کە بزانین لەگەڵ بوونی راستەقینەی شتێکدا رووبەروو ببینەوە یا نا؟ بەلکو مەبەست ئەوەیە کە روونی بکەینەوە دوای دیتنی ئەو شتە جوانە و دوای تێرامان/ تامل / betrachtong چۆن قەزاوەت / داوەری / دەکەین.

گرینگ ئەوەیە کە، دوای خۆنواندنی blosse vorstellung شتەکە ئەو شتەم لاپەسەند دەبێ یا نا... دیارە بۆ ئەوەی شتێکمان لاجوان بێ و نیشانی بدەین کە خاوەن زەوق و سەلیقەین دەبێ

چۆنیەتی خۆنواندنی شتەکە لە بەرچاو بگرین نە ئەو هۆکارانەی کە بوونی راستەقینەی شتەکان ئەنوێنن. هەموومان دەبێ ئەوە بزانین کە داوەریکردن سەبارەت بە جوانی ئەگەر تۆزاڵە قازانجێکمان لە بەرچاو بێ داوەرییەکی بێ غەرەز و بێ لایەن و/ لەرووی دڵپاکییەوە/ نییە. نابێ کەمترین لایەنی جوانی شتەکان لە کیس بچێ، بەڵکو دەبێ بە راستی بێ لایەنی خۆمان بپارێزین بۆ وەی داوەرییەکانمان زەوق و سەلیقە بە سەریدا زاڵ بێ.

کانت، رەخنە لەداوەری/ ل ١٣

کانت لە درێژەی باسەکەیدا زەوق بە (هێزی داوەری /beurtheilungs vermogen/ دەناسێنێ و شتی جوان یا جوانیی بەوە دەزانێ کە هیچ چەمکێ نەتوانی داگیری بکا و زۆربەی خەڵك چێژی لێوەر بگرن. بە رای ئەو، چێژ وەرگرتنیتەواو لە جوانی ئەوە دەسەلمێنێ کە جوانی بە بێ خێر و قازانج دێتە هەڵسەنگاندن و ئەگەر سوودی تاقەکەسی لە ئارادا نەبێ جەماوەر بە گشتی لە بەرەی چێژ کەڵك وەردەگرن.

فەلسەفەی جوانیناسی کانت، کە بە رای هێگل یەکەم گوتاری عاقڵانەیە لە پانتایی مەعریفەی مرۆڤدا، بەرهەمی توێژینەوەی دەرهەستانە / انتزاعی /یە لەسەر بابەتگەلی/ جوانی ـ راستی و . . . هەر بەو جۆرەی کە کانت خۆی لە سەرەتای /بەرهەمە ناوبراوەکەیدا/ دەڵێ: دەتوانین دەسەڵات و لێهاتوویی رۆحی مرۆڤ بکەینە سێ بەشەوە:

ئـــــیرادە هــــەســـــت ئەندیشە

واتە: هێزی مەیل هەستی چێژ و رەنج هێزی مەعریفی کە لەگەڵ: عەقل و داوەری و دەرکدا تەبان/ هاوڕێژەن /:

ا. دەسەڵاتی مەعریفی یا شوناسی مرۆڤ کە لە فیکردا خۆی دەنوێنێ، ئامرازێکە بۆ ناسینی نەزەری جیهان و گەیشتن بە راستی و حەقیقەت. کە وایە گەڕان بە دوای راستیدا دەچێتە ئەو بەشە لە رۆحی مرۆڤ کە لەکێشە نەزەرییەکان رادەمێنێ.

ب. عەقڵ کە چاو دێری چاکە دەکا و لە پانتایی کارکردی مەیل و ئیرادەی مرۆڤدا خۆی دەنوێنێ و ..

پ. جوانی کە دەچێتە ئەو بەشەی کە، لە عەقلی کارکردی و رامانی نەزەری بە دوورە، ئەویش سنوورێکە لە نێوان ئەو دوانەدا کە نە بە شوێن پرسیار و وەڵامەوەیە و نە بەدوای کارکردا دەچێ.

مەبەستمەندیی بێ غەرەز و چێژی دوور لە قازانج، واتە بنەما سەرەکییەکانی سیستەمی جوانناسی کانتی(لێرەدا بیدی مەجنوونەکەی نالیتان لە بیر نەچێ) هەر دووکیان لە فەلسەفەکەی خۆیەوە وەرگیراون کە لەسەر دوانەیی/ دوئالیسم/ رۆنراون. بە پێی ئەو بۆچوونە هونەر یەکیەتی دەخاتە نێوان دووانە لێکدژەکانی وەك: ورد و درشت. عەقڵ و خەیال، یاسا و زۆرە ملی و...

جیهـانی نوانـدن و ئـازادی کـردەوەی مرۆڤـ بـاوەکو لەگـەڵ هونەردا دژایەتییان هەیە، هەر پێکەون و ڕەنگە یـەکیش بگـرن، چـەمکی ئـەزموونی جوانیناسـی، کـە دەکەوێتـە نێـوان دوو پانتـای ڕووداوی بابـەتی /عـەینی/ و ئەخلاقییـەوە، چـەمکێکی زیهنییـە. جـوانی لـە پێشکەشکردنی چێژێك بـە هەسـت یـەکجار سـەرترە بـەڵام بـە سـەر ئەوەشدا جگە بە جۆرێکی گشتی پێناسـە ناکرێ، بۆ وەی ناچێتە نـاو هیچ چەمکێکی تایبەتەوە بە بێ هیچ زانستێ دەرکدەکرێ، بـەڵام خۆی پلەی زانستەکان دەباتە سەرەوە. ئەو ڕازیبوونەی بە هۆی ئامادەبوون و دەرکـی جـوانی بـە مرۆڤـ دەگا، ئاکـامی کارلێك/ تـەفاعولی / هەسـت و عەقڵە. چەمکی جوانی لای کانت بە سەر لایەنی ڕووخسار و ڕازاندنـەوە و جوانـسازی و دەرهەسـتبوونی شـتەکانەوە بەنـدە بـەو بۆچـوونە هێڵکاری پێچەڵاوپێچ و خەیاڵاوی و نەقشی بڕگە بڕگە و موسیقای بێ شـیعر و(لەوانـەش تـەعبیرێکی شـاعیرانەتر کـە هـی نـالی بێـت بیـدی مەجنوونە)... ئەوەی کە هیچ چەمکێ نادەن بە دەستەوە، دەبنـە جوان و جوانین.

هنر امروز سروش جیبی امیرکبیر ١٣٥٤. ل ١٥

کانت چەمکی / ئیعتباری بابەتی/ بۆ ئەو داوەریانە دادەنێ کە زانستی و مەنتقین و بڕوای وایە کە ئێمە لە داوەری جوانناسانەدا ئەسڵەن کارمان بە سەر شتەکەوە نییە بەڵکو کاری قووڵبوونەوە و تێرامانە لە سەر جوانییەکە ..

(٣)

دوای خوێندنەوەی شیعرەکەی نالی و ڕای کانت لە مەڕ جوانناسی و دەسەڵاتی مەعریفی و جوانی، لە ڕێوە تێدەگەین (ئەگەر شیعرەکەمان باش وەرگرتبێ) کە هەردووکیان یەك بۆچوونیان هەیە و ڕیشەی فیکری و نەزەری و زیهنی هەر دوو لا سازکردنی تەبایی نێوان عەقڵ و هەستە لە سەر جوانی و هونەر، کانت باسی هەموو ئەو شتانە دەکا کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی شەڕ و خێرەکەی جوان دەنوێنن و نالی خوازەی بیدی مەجنوون بۆ ئەو مەبەستە دێنێتەوە کە بەسەر ئەو هەموو جوانی و ڕازاوەییەیدا بەر و تەنانەت سێبەریشی نییە..

بیدی مەجنوونە وجوودم لە هەمووبەر بەرییە

نە کەسێ مونتەفیعی یەك بەری یان سێبەرییە

کانت باسی دەسەڵاتی مەعریفی دەکا کە دەکەوێتە نێوان عەقڵ و هەست بە جوانییەوە و نالیش وەك ڕێبواری ڕێی مەعریفە خوێ لە نێوان عوقەلا و پەریدا دەبینێ " لایەك هەم و پەرێشانیی و دەردیسەری و باری تەکالیفی ڕوسوومی بۆ خەڵك (کە نووسەرێکی فارس «موسیبەتی نویسەندەبوودەن »ی پێدەڵێ) ولایەك پەری و جوانی بیدی مەجنوون و کاکۆڵی سەر و موویی میان و..تاد.

بە ریا باری تەکالیفی روسوومی بۆ خەڵك

چ دەکێشی؟ ئەمە حومقێکە عەلاوەی کەربییە

لەزمانی خەتابی شیعر بەنالی یان عوقەلا بە نالییەوە کە مەبەستەکە ناگۆڕێ موتمەئین‌خاتر و ئیمەن مەبە هەرگیز لە شەڕی نەفسی ئەممارە کە ئەم مارە لەگەڵ تو شەڕییە.

کانت باسی هەستی چێژ و ڕەنج دەکا لە جوانی و والآدا و نالی دیسان لە خوازەی بیدی مەجنووندا ناڕاستە و خۆ باسی چێژ و لە خوازەی کاکۆڵی سەردا ڕاستەوخۆ ئاماژە بە هەم و پەرێشانی و دەردیسەری و لە ڕاستیدا ڕەنج دەکا"/ هەر ئەوەی کە کانت وەك سەرك جوان یان «والآ» باسی دەکا و لای وایە شتی جوان چێژدەرە بەڵام مرۆڤ لە بەرامبەر شتی «والآ»دا هەست بەبێدەسەڵاتی و سەرسامی و ڕەنج دەکا:

چـــــیت لە کاکۆڵی سەر و موویی میانی داوە

هەموو هەر هەم و پەرێشانیی و دەردی سەرییە

کە وایە دەبینین نالیش جوان و سەرك جوان لێکجوێ دەکاتەوە و لەم شیعرەدا کاکۆڵی سەر و موویی میانی پەری شیعر بە سەرك جوان یان «والآ» دادەنێ و لە بەرانبەریدا هەست بە هەم و پەرێشانی و دەردیسەری یان ڕەنج دادەنێ.

ئەمە ڕەنگە پرسیارێکی سەرەکی نەبێ کە چۆن کانت و نالی یەکیان گرتووەتەوە؟ بۆ وەی فرۆید لای وابوو کە شاعیران هەر لە ئەزەلەوە ڕەوانناس(و بە بۆچوونی من جوانناس) لە دایکدەبن. بەلام ڕەنگە ئەمەتان لا گرینگ بێ کە چۆن ئەو باسە دوور و درێژەی کانت کە لە دووتوێی کتێبێکی سەنگینی وەك « ڕەخنە لە هێزی داوەری »دا هاتووە، نالی لە پێنج دێڕی شیعریدا (و بە شێوەیەکی جوانتر) ئاراستەی خوێنەری چالاکی دەکا؟

وەڵامی ئەم پرسیارە ناراستەوخۆ لەخزمەت پێکهاتەی مانایی و زیهنیی شیعرەکەدایە: نالی بەزمانی شیعر قسەدەکا کە هونەری والآیە و لە گەڵ نووسینی ریسالە و مەنتەقییات زەوی تا کاکێشان جیاوازە و دەمانخاتە تۆڕی هەم و پەرێشانی و دەردیسەرییەوە ... وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە دەسەڵاتی زمانی شیعرمان بە جوانی بۆ ڕووندەکاتەوە. ئەگەر وەك نالی زۆر بەکورتی و شاعیرانە بمانهەوێ وەڵام بدەینەوە، دەبێ بڵێین : بۆ ئەوەی نالی شاعیر بوو.

***

ویتگۆنشتاین و یارییە زمانییەکانی نالی

وەرە سـەیری خـیابان و بەیـازی دەفـــــــتەری نالیی
کە سەفسەف، مەسرەعی بەرجەستە، ریزی سەروی مەوزوونە

عەزەمەتی نالی جگە لەوەی باسکرا (روانینی نویٚ و ئانارشیزمی شاعیرانە ودیاردەناس ..) لە باری سەبکی شیعرییەوە دوو لایەنی سەرەکی هەیە:

١. وشە بە نیشانەی وێنە، واتە هەر وشە و ئیماژێکی نالی بۆ بەرجەستەکردنی وێنە و سیمایەك رەسم دەکریٚ و لەخوێندونەوەی هەر بەیتێکدا هەست بە / دیتنی/ فیلمێکی سینەمایی دەکەی ... تەنانەت وشەکان لەم بەشەدا وشەگەلێکی بەرهەستن و دوورن لە ئینتزاع و تارمایی میتافیزیکی، سەیری خەیابان، بەیازی دەفتەری نالی، سەف سەف، مێسرەعی بەرجەستە، سەروی مەوزوون . هەموویان بە جیا جیا دەبینرێن و هەست پێدەکرێن و کاتیٚ ئاوێنەی یەکیش دەبن خوێنەر هەست ئەکا بەیازەکەی نالی لە بەر دەستدایە و لێیدەڕوانیٚ ... بەرامبەریی بەیتەکان لەگەلّ یەکدی بوونەتە شەقام و سەروی مەوزوونی چەند پاتبوونەوەی (ئا) کانی دێری یەکەم, چوار جار لە بەیتێکدا، هەلّکشانی سەروی سەرشەقامەکان دێننە بەچاو....

(لەم روانگەوە بڕواننە وتاری (نالی شاعیری مانا (بەرێز عەزیز ئالی لە سەر شیعرە بەرزەکەی نالی دیسان لە بگرە و بەردەیی گولّچین و باخەبان و من درێژدادڕی ناکەم نەنیا دەلّێم دەبوا ناوی ئەو وتارە نالی شاعیری وێنە بوایە بۆ وەی وتارەکەش هەروا دەلّیٚ ...

٢. زمان وەك كەرەسە و كاركردی نیشانە لە شیعردا بەرجەستە دەبێ و ئەوەندە سرکە کە خو بۆ مانایەکی سەرەکی نادا بە دەستەوە. لەم شیعرەدا نالی بە وشە یاری دەکا و وشەکان بە ئێمە یاریدەکەن و ئەو دەورە هەر درێژەی هەیە ...

بـــێ بابیی تۆ بۆ من و تۆ بابی فتووحە
بێ بابیی تۆ خواستەیی من بوو بە ئاوات

لەو شیعرەدا ئەوەند بە وشە یاریکراوە کە بەڕاستی بازنەی مانایی باب پەرەدەستێنێ و لە مانایەکەوە دەچێتە مانایەکی تر... نالی دەیان و رەنگە پتر نموونەی وای هەیە کە لە درێژەی وتارەکەدا باسی ئەکەین.

ویتگۆنشتاینیش لەو فیلەسووفە رۆژئاواییانەیە کە لە سەر پرۆسەی یاری زمانی کاری کردووە و هەموو کردە کۆمەلایەتی و تەنانەت هونەرییەکانیش بە لەونێ دێنێتەوە سەر یاریکردن بە زمان. زۆربەی فیلەسوفان و روناکبیرانی جیهان تەوەرەی (یارییە زمانییەکان (بە هی ئەو ئەناسن. ویتگۆنشتاین ئەڵێ: یاساکانی هەر یارییەك وەستاو نینە و بەردەوام لە گۆڕاندایە، ئەگەر یاریزانێکی بە توانای تۆپی پێ هەبێ کە بتوانێ کیلۆمەترێ تۆپێك شووت بکا دڵنیابن هەموو یاساکانی تۆپی پێ دەگۆردرێ. ویتگۆنشتاین لە دوو دەورەی فیکریی خۆیدا، دوو جۆر ئاوڕی لە زمان دایەوە:

یەکەم: لە (نامیلکەی مەنتیقی فەلسەفی)/ لە کارە سەرەتاییەکانی / لای وابوو زمان تەنیا لە رێگەی وێنە و وێنەسازیدایە کە مانا پەیدا

دەکا و مرۆڤیش تەنیا لەو رێگەوە فێرە زمان دەبێ کە بۆ هەر وێنەیەك شتێ دێنێتەوە بیر خۆی ... لە ریسالەدا زمان تەنیا وێنەیەکی واقیعە و بەس. هەموو زمانەکان بنەمایەکی مەنتیقی و هاوبەشیان هەیە و ... تاد.

ئەگەر ویتگۆنشتاین ئاشنای زمانە رۆژهەڵاتییەکان بوایە دەکەوتمە گومانەوە کە ئەم بۆچوونە و بۆچوونەکانی دوایی کە لە توێژینەوە فەلسەفییەکاندا باسی دەکا و (لە درێژەی وتارەکەدا باسی ئەویش دەکەین) هەردووك لە نالی وەرگرتووە .. بەڵام دڵنیام ویتگۆنشتاین زمانی کوردی نەزانیوە.. هەرچەند ئەگەر زمانی کوردی خوێنەری باشی هەبوایە ئەیتوانی ئەو بیرۆکەیە لە نالییەوە بگا بە ویتگۆنشتاین- ئەوەش گرینگ نییە کێ لە پێش .. گرینگ ئەوەیە نالیش لە سەر ئەو بڕوایە بووە کە زمانەکان بنەما و ساختارێکی هاوبەشیان هەیە و دەتوانن لە پاڵ یەکدیدا پەرە بدەنە جیهانی وێنە و ئافراندنی هونەری، گرینگ ئەوەیە نالی وەك لە هەموو دیوانەکەیدا بەرچاوە لە هیچ وشەیەك نەپرینگاوەتەوە و ئەو وێنانەی خۆلقاندوویەتی، ئەو باوەڕەش دەسەلمێنێ کە ئەو لای وابووە وشە دالێکە بۆ مەدلوولی وێنە و تەسویر لەجیهانی واقیع:

لادە دەسرۆکەیی هەوری لەجەبین
دەرکەوێ شەمس و قەمەر، نوور و زیا
لێوی تۆ ئـــاوی بەقا، من خزرم
فـــەیزی تۆ رەحمەت و، من سەوزەگیا

دەخــیلت بم نەخیلی یا روتابی
وەهـــــــا شیرین و، سینە نەرم و، دڵرەق

سایەیی پایە وەکو بالی هوما بازی سپیم
نە وەکو بوومی قەدەم شووم و، نە هەمرەنگی قەڵەم

ئەم وێنە واقیعییانە / بە زمانی ئەمڕۆ ناتووراليستانەی/ نالی کە هەوڵیداوە وەك کامێرایەکی فۆتۆگراف وێنەکان بقۆزێتەوە لە دیوانەکەی نالیدا کەم نین/ بڕواننە باسی کەرەکەی/ یا:

دەورانییە وەك هێڵەکی سەوداسەری گێژم..

شوبهاندنەکان وێنەیەك رەسمدەکەن کە مرۆڤ بە هاسانی بتوانێ بیهێنێتە پێش چاوی خۆی:

سەری فەرهادم و، دەندووکی قوڵنگ
دەستی مەجنوونم و، دامێنی چیا

مۆژەت قوللابییە هەم شیر و هەم تیر
برۆت میحرابییە هەم تاق و هەم جووت

لەم بەشەدا حەتم دەبێ ئاماژە بکرێتە نامە بەناوبانگەکەی نالی کەءگوایە بۆ سالمی نووسیوە / من پێم وا نییە راست بێ [*]/ لەو شیعرەدا کە نالی بە پێی نۆستالۆژی و باری دەروونی و غەریبایەتییەوە نووسیویە بە دوو شێوە کامێراکەی خستووەتە کار و لە هەر کام لە دیاردەکان دوو وێنەی دژ بەیەکی خۆڵقاندووە. سەبارەت بەو نامەیە زۆر نووسراوە و من لێرەدا زۆری لە سەرم ناڕۆم، تەنیا ئەوە بە پێویست ئەزانم کە ئەو نامە بە رای من قۆناغێکی تێپەڕینە بۆ وەی نالی بەو قەناعەتە بگا کە وشە دەسەڵاتدارە نە جیهانی واقع، واتە وشە و کارکردی وشە لە پانتایی جیهانی/ دەق /دا وەك (موزەی شەترەنج وایە کە بەدەست خوتەوە چۆن یاری پێبکەی) لەو نامەدا نالی هەر ئەو حوجرەی کە کاتی خۆی بە پێی بڕوایەکی ناتوراليستی فۆتۆگرافی دەکا:

وەك قەفەس ئەم حوجرە کۆن تێیە کە وا گرتوویە ناو
تــــــار و پۆیی عەنکەبووتە، زۆرە لێی کردوومە داو
دوودی ســەر میچی گوڵەنگی لەتلەتی دەسترازە کــۆن
بــان و دیـــواری بە میسلی لانکی ئەجزا شـــــــکاو

[*] . سروه ژماره ١٧٠ لاپەری ١٦

لەو پلانەدا ئەو حوجرە ئەوەندە ناخوشە کە بە راستی جێی ژیان نییە بەڵام هەر ئەو حوجرە و بەرجەوەندە لەنامەکەیدا دەبێتە غاری یار و عەبیری سەلامی بۆ واسیل دەکا:

مەیلیٚ بکە لە سەبزە دەرختانی مەدرەسە:
ئەوراقیان مۆقەددەمەیی شینە یا نە سوور؟
حەوزی پڕی کە نائیبی دیدەی منە لەویٚ،
لیٚلاوی دا نەهاتووە وەك سەیلی شیوەسوور
ئیٚستەش کەناری حەوشە کە جیٚی باز و کەوشەکە،
یاری تیایە، یا بووەتە مەعرەزی نفوور؟
چاویٚ بخە لە سەبزە و و سیٚرابی دائیرە
جیٚ جیلوەگاهی چاوەکەمە نەرمە یا نە زوور؟

نالی لێرەدایە کە تێدەگا زمان ئێجگار لەوە دەسەڵاتدارترە کە تەنیا وێنەی واقیعی پیٚ بکێشریٚ. کام یەك لەو وێنانە واقیعن" ئەوەی کە ئەو حوجرە کۆنە بە راستی جێی ژیان نییە. یا ئەو غاری یارە بەو بەرجەوەندە خوشەوە کە لە نامەکەیدا باسیکردووە.

لێرەدا دیسان دەچێتەوە سەر ویتگۆنشتاین:

ویتگۆنشیتاین (لە توێژینەوەی فەلسەفی)دا رەخنە لە بۆچوونەکانی پێشووی خوی / وەشە وەك وێنە / دەگریٚ و دەڵیٚ: بە راستی وشە چییە؟ ئەو پرسیارە وەك ئەوە وایە بپرسن مۆرەیەکی شەترەنج چییە؟ ئێمە بەردەوام ئەپرسین مانای ئەم وشە چییە؟ بەڵام لە راستیدا

پرسیارەکە بە شێوەی ئەسیح ئەبیٚ ئەمە بیٚ: روونکردنەوەی مانای ئەم وشەیە چۆنە یا / مانای ئەم وشە چۆن رووندەکرێتەوە /

واتە دەبیٚ بپرسێن لە کامە زەمینەی عەمەڵی / کارکردی/ و واقیعیدا ئەم وشە خاوەنی چە مانایەك دەبیٚ؟ چ شتیٚ ژیان ئەداتە ئەو دەنگ و نیشانانە کە زمان سازیاندەکا؟ بۆ خۆی وەڵامئەداتەوە" کەڵك، کارکرد، ژایانی پر هەڵسوکەوت ویتگۆنشتاین ئەڵیٚ: (زمان مەنتیقێکی سەرەکی نییە بەڵکو لە مەنتیقەگەلیٚ بیٚ ئەژمار ساز بووە چۆنیەتی کەڵکوەرگرتن لەم مەنتیقە بیٚ ئەژمارە سازبووانە، چۆنیەتی کەڵکوەرگرتن لەم مەتیقە بیٚئەژمارانە یاریگەلی زمانی سازدەکەن) زمان تاق نییە بەڵکو پێکهاتەی کۆمەڵەیەك /بە وتەی ئەو کولیکسیٚونی / یاری زمانییە. ئێمەش کاتیٚ لە مانای دێرێك دەگەین کە شوێنی / نەقشی/ ئەو دێرە یا وشەگەلە لەیارییە زمانییەکاندا بناسینەوە و لە یارییەکانی تر جویێ کەینەوە*.

ویتگۆنشتاین هەروەها دەڵیٚ: « چۆنیەتی ژیان وەزعی یارییە زمانییەکان روونئەکاتەوە. کەوایە زمانی تاقەکەسیمان نییە**.

نالی ئەو یاریزانە بوو کە تۆپی وشەی لە کیلومەتریٚ زیاتر شووت کرد و یاساکانی زمانی پیٚ گۆڕا. نالی پێشتر لە ویتگۆنشتاین بەوەی زانی کە وشە و / زمان / لە یاریکردنایە کە ئەتوانی مانایەك بکاتە چەند مانا و فرەمانایی بەرهەمی فورمی یارییە زمانییەکانە و

*. ویتگۆنشتاین خۆی گوتوویە زمان وەك وێنەی لە ئاکویناسی قەدیسەوە وەرگرتووە.

**. ئەم وتارە بەشی دووهە, لەوتاری چوار بەشی نالی و خوێندنەوە نوێکانی سەردەم بوو کە بەشی یەکەمی / نالی و دیاردەناسی / لەکونگرەی نالی سەقز ١٣٨٠ خوێندرایەوە

بەس . ئەوە چۆنیەتی ژیانی نالییە کە کارکردی زمانەکەی نالیش دەگۆڕێ – نوستالۆژی و خەمی غوربەت و دەربەدەری حوجرە ناخۆشەکەی نالی دەکاتە بەهەشت...

نالی زوو بەو ئەنجامە گەیشت کە هونەر و شیعریش بریتییە لە یاری زمانیی، یاری بە وشە و وشەئاراییش هەر لە خۆی دەوەشێتەوە. لەو لاوێکە لەو لاوە بۆئەم لاوە کشاوە . هەر سێ لاوە کە ئەتوانێ مانای جیاوازی هەبێ جەوان، گول، لایەن/ ریگەم بەسراوە (کە) دەچم رێم بەسراو/ خوێنەر لە نێوان سەراب و بەستراودا دەخولێتەوە و ناشتوانێ بڕیاری تەواو بسەپێنی بە سەریا:

خەتات فەرموو کە خۆشە چین و ماچین
کـە ناچین، لێرە خۆشە چینی ماچین

ئەم یاریگەلە جگە لەوەی هارمۆنیای دەنگدانەوەی ماچ، بەهاوردنەوەی شەش چ ئەزرینگێتەوە مانای خوشەکەش بەرینترین دەکا و ... تاد

شەوی بــەهاری جــوانی خەوێ بوو پڕ تەشویر
لە فــــەجری پاییزی پیریی بــەیانی دا تەعبیر
مرووری نەکسە کە عەکسی قەمەر دەکا بە رەمەق
دوبوولی نیکسە دەگێڕێ کە عـەکسی ریش بە شیر

ئەو یارییە لەنێوان شەو، فەجر بەهار, پاییز، جوانی، پیری . خەو, بەیان، تەسویر، تەعبیر..دا دەکرێ پانتایی مانا لە دێڕێکەوە دەکاتە دەفتەرێ .. راستی؟ ئەم شیعرە رەخنەگرتنەکەی ویتگۆنشتاین لە خۆیتان بیر ناخاتەوە؟ – مرووری نەکەسە کە عەکسی قەمەر دەکا بە رەمەق – کەوایە وشە تەنیا بۆ وێنەسازی لە واقیع نییە بەڵکو کزی و بەهێزی ئێمە لە ژیاندا ئەتوانێ رەمەق بکا بە قەمەر یا بە پێچەوانە ریش بە شیر / ئەگەو دەسەلاتدار بێ/ و شیر بە ریش /زەخم/ ئەگەر کز و پەککەوتە بین.

کەڵك، کارکرد، ژیانی پڕ هەڵسوکەوتەکەی ویتگۆنشتاینتان لەبیرە/ ناڵێم ئیلاو بیلا ویتگۆنشتاین لە نالی وەرگرتووە، بەڵام بە فەرموودەی نالی ئەوە دەسەلاتی زمانە کە ویتگۆنشتاینی کردە خاوەنی شیر و تیئۆری یاریگەلی زمانی بوو بە هی ئەو ریش ومەرارەتێش ماوە بۆ نالی، ئەگینا دەبوا نالی شیر بە دەست بوایە و ویتگۆنشتاین بە کوڵێ ریشەوە... بۆ وەی زۆر دوای نالی ئەوانەی گوت رەنگە هێندی لە رەخنەگران بڵێن ئەو یاریکردنە بەس بەشێ بوو لە یاساکانی/ قاعدە/ شیعری کلاسیکی وەکو تەزاد و /دژایەتی/تەناسوب/ ریژە/ و تەوریە/ دوو مانایی/ و کینایە و خوازە/ ئیستیعارە/ لەف و نەشر – وەلامدانەوە / لە تافەت و تەشبیە و مەتلوب و جیناس بە هەموو جۆرەکانیەوە و تەلمیح و ... تاد، راستە بەڵام نالی بە راستی تۆپەکەی ئیجگار زۆر شووت کرد و ئەو یاسایانەشی گۆڕی. نالی بە سێ زمان و پتریش یاریدەکرد، هەر بۆیەش یاساکانی یارییەکەی ئەوەندە بەرینکردەوە کە هەر وشەیەك ویتگۆنشتاین گوتەنی تەنیا لە

ڕێگەی کارکردییەوە ئەیتوانی لە زنجیرەی بێکۆتایی دالەکانی خۆی پەڕیبێتەوە . بۆ وینە لە شیعرە بەناوبانگەکەی مەستوورەدا، هەر تەنیا لەو شیعرەدایە کە ئێمە بە دوای مەدلوولێکی کەدا دەگەڕێین بۆ جەواب و گرێ و بیکر و شەرح و بە مەستوورە و ئاوێنە و دوڕی سەما و کانی بەقا، قوببە، ئەستوونە مشتی مەلا، پەڵە بەفر، قەندیلی مونیر، گوزەری ئاب و هەواکانی، ڕێواس، غونچەی نەشگوفتە . قورسی نەمەك، گڕی نەمەکین، سەنعەتی مانی، دورجی موجەوهەر، خرچی مودەوەر، شەمامەی تەلا ... شاریح و جاریح وموووُزیحە گوشا و... تاد، ئەگینا هەر کام لەم وشە و وێنانە لە دەقێکیکەدا دەیان کارکردی تریشیان بێ هیچیان ئەوە نییە کە نالی لە مەستوورەدا مەبەستی بووە و ڕەنگە هەر مەبەستیشی نەبووبێ و ئێمە بە پێی کارکردی وشەوە ئەیسەپێنین بەسەر دەقەکەدا – ئەگەر بۆ پێناسەی شیعر وەك یاریی زمان لای نالی نموونە بێنینەوە دەبێ زۆربەی دیوانەکەی لێرەدا بخوێننەوە و بنووسینەوە/

جەسارەتی نالی تەنانەت لە وشەسازی و نامۆ کردنەوەدا ئەوەندە زورە کە ئێستاش ڕەنگە نموونەی نەبێ ئەو زاناندمان بەکاردەبا ...هەڵگرا دێنێتەوە و دەیان نموونەی تر بۆ هارمۆنیای دەنگدانەوەی پیتەکان و سازکردنی کێشی ناوەکی / دەروونی/ یارییەکەی گەیاندووەتە ئەوپەڕی خۆی: ئاسکی ناسك بە باسك، ڕووسپی چەند ڕووسیان، ئاە و ئاهوو . ئاهۆ و باهوو، نە دەمت بوو نە دەمت بوو لە دەمت بوو، ڕووتم مایلی ڕووتم ، زوو ئەم ئاوە ڕژاوە – هەزار، هوزار، ئینشان و نیشان و نێشان، لە هەموو بەربەرییە، وابە

ستەو پەیوەستە/ بۆ زۆڵف وبرۆ/ بەبێ مەی مەستە بێ مەی مەستە.. شەمامەی وەك شەمامەی وەك شەمامەی، سەدای نەی دێ سەدای نەی دێ سەدای نەی. تاد ... لە هەرکام لەم تەرکیبانەدا تەنیا مۆسیقا دەور ناگێڕێ بەڵکو یارییەکە فۆرمی تایبەتیش بۆ وشە سازدەکا کە لە مانایەکەوە بۆ مانایەکی تر بخزن وخو نەدەن بە دەستەوە و نەزانی بێزارە سەحیحە یان بێ زارە – فەرق سەحیحە یان فیرق / ناوچاو/

خاو و بێخاوی دوو زوڵفی خـــــاوم ئەز
حەرەکاتم سەکەنات و سەکەناتم حەرەکات

ئەزانم ئێستا سەری ئێوەش دەورانییە وەك سەری سەوداسەری نالی... بەڵام ئەوە یارییەکە نالی کردوویەتی، هەرچەندە سەری خۆشی پێگێژ بوو بێ.

ئەوە ئاکامی هونەرە و گەمەکردنی زمان و ڕەنگە لە هەموو کەس نەوەشێتەوە بو وەی خۆی گوتەنی:

زاهیز و باتین، لە سەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز
ئاشنای سڕی قەڵەم بێ، غەیری نالی کەس نەما

***

بنەماخوازی
و
خوێندنەوەی دەق

بنەچەکی بنەماخوازی زماننناسی نوێیە، (سوسۆر) یەکێ لە بناغەدانەرانی زماننناسی نوێ، یەکەم کەس بوو کە جیاوازی خستە نێوان (گفت) و (زمان)ەوە و دواجار (مارتینە) زماننناسی فەرانسەیی بەمشێوە باسی ئەوجیاوازییە دەکا: (پێویستە بە وردی جیاوازی بخەینە نێوان دیاردە جۆربەجۆرەکانی زماننناسی بەو جۆرەی کە لـــە دێرێکدا روو ئەدا /لە لایەك/ و دیاردەی زماننناسی تایبەت بەو کەسەی هەوڵی پێوەندیگرتن ئەدا / لە لایەنێکی ترەوە/)

زمان گەوهەرێکە، ئەو توانابییەمان ئەداتێ کە هەر کام لە ئەزموونەکانی خۆمانی پێبگوزینەوە لای کەسانێ دی. زمــان بە کەرەسەی گفت/گفتار/دێتە مەیدانی دەربڕین . جیاوازی دیکەی زمان و گفت دەکرێ بە وشەگەل رەمز و پەیامیش دیاری بکرێ.

زمان سیستەمە، واتە بریتییە لە کۆمەلێك نیشانە... بەلاّم گفت پەیامە، رەمز کۆمەلێك نیشانەی سازکراوە کە مەیدان ئەداتە نووسینی پەیام و بۆ تێگەیشتن لە مانای ئەو پەیامە دەبی هەر کام لە نیشانەکانی بە کۆمەڵێك رەمز هەڵسەنگێنین . کە وابوو رەمز کۆمەڵێك نیشانەیە کە بەپێی هێندێك یاسای تایبەت سازبووە، بەلاّم ئامانجی پەیام پێوەندی سازکردنە و بەس. هەرپەیوەندییەکیش بەردەوام هەڵبژاردنێکی لەگەڵە، واتە هەر بێژەرێك لە خەڵکی ئاساییەوە بگرە تا شاعیر و نووسەر و سوخەنزان، بە دڵخواز هێندێ لەو نیشانانە هەڵدەبژێرێ و بەپێی یاسایێك رێکوپێکی دەکا و دەیانخاتە یەك.. هەر بۆیە زمان کەرەسەیەکی گشتییە، بەلاّم گفت /گفتار/ کارکردێکی تایبەتە.

به واتاییێکی فەننی تر گفت کاربـوردی کەرەسەیەکی گشتییە. /کە ئەویش زمانە/

بەم پێیە (سوسۆر) گفتی وەك خوڵقێنەر هەڵبژارد و وتەزایەکی دیکەی بەناوی بایەخی دەربڕین./ ارزشهای بیانی/ هێنایە گۆڕێ، بەڕای ئەو سۆزگەل مرۆڤ بەو بایەخگەلە دێنەدەربڕین.(بالی) توخمەکانی(نووسینەوەی دەنگ) / ئاوانویسی/ یشی هێنایە مەیدانەوە. ئەو رایگەیاند کە ئەو توخمانە لەسەر (مانای پەیام) کاریگەرییان هەیە و ئاڵۆزی دەکەن. کەوایە دەکرێ دەنگیش وەك سیستەمێکی تر لە زمانناسی (سوسۆر)ی بناسێنرێن .. (بالی) هەروەها جیاوازی خستە نێوان (شوێندانانی سروشتی) و (تەشکیلی)یەوە، واتە کاتێ ئەرك و زاتی زمان لەگەڵ سۆزی دەربڕین یەکگرن، شوێندانانەکە (سروشتی)یە. وەك: (ئاخ سەرم ... ئای پشتم .. لێرەدا کاریگەرێتییەکە، راستەوخۆ کاری وشەگەل (ئاخ) و (ئای)یە . لەبەر ئەوەی هەست و زاتی زمان یەکیان گرتووە.

بەڵام کاتێ هەستی مە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە شێوەی ژیان و شێوەی هەڵسوکەوتمانەوە هەڵدەستێ و لە زیهنی مرۆڤدا لەگەڵ دیاردەکانی زمان پێوەندیدەگرن، شوێندانانەکە بە شێوەی (تەشکیلیە) بۆ وێنە:

لاولاوە لە ئەو لاوە بۆ ئەم لاوە کشاوە   نالی

لێرەدا شوێندانانی هەست لە رێگەی هۆکاری راستەقینە و سروشتی زمانەوە نییە. کە وایە لەبەرچی شوێندانانی ئەم هەستە

قووڵترە؟ شێوازناسی/ سبك شناس/ بنەماخواز بە دۆزینەوەی پێنج (ئا) و چوار (ل) کە بە شێوەی هونەری لەو دێڕە کورتەدا داڵبەخش بوونە باس لە شوێندانانی تەشکیلی ئەکەن .

وەنەبێ پێشتر کەس بەم شێوەی نەزانیبێ، زۆرێ لە شاعیرانی پێشووش ئەو رێگەیان رەچاو کردووە ودەقەکانیان ئەوە ئەسەلمێنێ.. بەڵام ئەمە پێشتر تێئۆریزە نەکرابوو (رمبۆ) هەوڵیدا خشتەی بەرامبەری دەنگ و رەنگ و هەستی بدۆزێتەوە یان (رونەگیل) شاعیری فەرانسەیی هەر بەو پێیە هێندێ بەرامبەری دەنگ و رەنگ و کێشی پێشنیارکرد . بۆ وێنە ئەو لای وابوو دەنگی کەمان لە گەڵ دەنگی (ئی) و رەنگی ئاوی لەگەڵ سۆز و حاڵ و خۆشەویستی .. یان دەنگی شمشاڵ و (ئۆ)ی لە گەڵ حاڵ و سەفای بەهەشتیدا و (ئا)ی لەگەڵ نارەحەتی جەستە و گیان و ... بەرامبەر دادەنا ئەم بۆچوونانە گەیشتە ئەوەی کە تەنانەت باس لە پێوەندی رواڵەتی وشە و ناوەرۆکەکەی بکرێ (فرانسیس پۆنژ) ئەیگوت: (وشەکانتان لە نزیکەوە بینیوە؟ وشەیەك هەڵگرن، باش وەیسووڕێنن و لە چەند لاوە باش لێیبڕوانن تا بۆخۆی دەبێتە ناوەرۆکەکەی) ئەو وشەی کرۆش cruche / گۆزە /ی دایە بەر سەرنج و دیعایەی ئەوەی کرد کە هەموو پیتەکانی کرۆش شوینێکی گۆزە پیشانئەدا. کە وایە شوێندانانی تەشکیلی لەو بیرخستنەوانە سازدەبێ کە پێوەندی وشەکان یان پێوەندی و دەنگدانەوەی پیتەکان لەگەڵ ناوچەی کاربوردی/ نشانەهای کاربردی/ سازیدەکەن، سەرما و سەهۆڵی سەهەندە لە سەرما / زستان / شین و شەپۆڕی شەوانە لە لەشما /هاوین /

خەمی خراپی خەزانە خزاوەتە رۆخــم
نە باڵی بادی بەیانی
نە بۆن و بەرامی بەهاری
هەر زرتەزرتی خەزانی
هەر سرتە سرتی زسانی

س ا زە
سا زە
ســـ ز

ناوچەی کاربوردی لەم شیعرەدا/ س/ بۆ زستان و سەرما / ش/ بۆ هاوین و گەرما / خ / و / ز / بۆ خەزان و خشەخش/ ب/ بۆ بەهار و ئەهوەنی .. لەو ناوچانەوە هاتوونە.

یان لەم دێڕەدا / دە لادە لادە لادە لەچکە کەسکە تەسکەکەت / ناوچەی خوازراوی / ل / بۆ لەچك بەرچاوە و مۆسیقای دەنگدانەوەی/س/ پێوەندی نێوان کەسك و تەسك ساز دەکا. هەروەها بڕواننە ناوچەی خوازراوی / ر/ لەم دێڕەی مەحویدا:

جـــگەر دەبـــڕێ دڵ ئەڕفێنێت و دەڕوا
چ بێمـــرووەت چ بێپەروا چ بـــێباك

باوەکو/ ر / لە هەموو ئەو وشانەدا بەجێ هاتووە، بەڵام تەنیا / بڕین / بە هۆی دەنگدانەوەی واقیعی (بڕین) ئەتوانێ شوێنی خوازراوی/ر/ بێ و مەحوی زۆر وەستایانە ئاوڕی لەو دەنگە داوەتەوە.

کە وایە شێوازناسی/ سبكشناسی/ دەبێ‌روونیکاتەوە کە دەربڕینی چ ناوەرۆکێ ئەتوانێ لە هەموو باسەکەدا رەنگبداتەوە، بۆ وێنە سەدان و بگرە هەزاران کەس بە تامەزرۆییەوە دەڕواننە هەڵچوون و داچوونی مانگ و دەڵێن: «مانگ دەرکەوت» و.. بەڵام شاعیر ئەو هەواڵە بە شێوەیەکی هونەری و بە رەنگ و بۆنێکی تر و لەسەر بنەمایەکی پتەو ئەخوڵقێنێ:

مانگی یەکشەو بۆیە داییم زیاد دەکا و دەشنێتەوە
تـا جوانـــی خـۆی وەکـو رووی تۆ بڕازێنێتـــەوە
تـا دەگاتە چواردەهــــەم شەو تێدەگا ناگا بە تــۆ
جا لە داخا نەختە نەختە کەم دەکا و دەکشێتەوە

بڕواننە دەنگدانەوەی مۆسیقایی و هەروەها بازنەی وشەکان/ یەك، چواردە/ زیاد،کەم/ ئەشنێتەوە، دەکشێتەوە / ...کە چەند بەرێوجێ هاتوونە و جیاوازییان خستووەتە نێوان دەربڕینی ئاسایی ناوەڕۆك و شێوە هونەرییەکەی. ئەگینا خۆ چ ئەو شیعرە و چ مانگ دەرکەوت و داکشا، یەك شت دەڵێن ...

بەم بۆنەوە بوو کە چۆنیەتی دەربڕین لە شێوازناسیی پێکهاتەخوازانەدا بەسەر کەمینەی ناوەڕۆکدا زاڵدەبێ، واتە

ناوەڕۆکەکان بەردەوام دووپاتئەبنەوە.. بەڵام شێوازی دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکەیە کە ئافرێنەرە یا نە؟ ئەو ناوەڕۆکەی کە یاکوبسن پێیوایە لە ڕێگەی هۆکاری دووهەمەوە کە هەمان چۆنیەتی دەربڕین بێ دەخەملێ و دەچێتە خانەی هونەرەوە و حافز گوتەنی:

یك قصه بیش نیست غم عشق و این عجب

کز هر زبان که می شنـــوم نامکـــرر است

لەمە بەدوا بەردی بناغەی شیوازناسیی پێکهاتەخوازانە دادەنرێ، لاب رویێر نووسەری سەدەی حەڤدە گوتبووی (هەمووشتێ گوتراوە) و ئاندرە ژید لە وڵامی ئەودا دەڵێ: « بەڵێ بەڵام ئەوپەڕی بەنەوش / ماورا بنفش/ هێشتا ماوە.

ئەو پەڕی بەنەوش بە زمانێ تر هەر شێوە و چۆنیەتی کەڵکوەرگرتنە لە زمان، رەخنەگر ئیتر بۆ روونکردنەوەی دەق لە ژیان و کەسایەتی نووسەر کەڵکوەرناگرێ، بەڵکو هەوڵئەدا لە دەقەکەدا وە دووی زمان بکەوێ و یەکیەتی هونەری دەربڕین لە توێ توێکانی ناوچەی زمانناسیدا ببینێتەوە.

(فوسلێر) بە هاوردنەوەی چەند نموونەیەك لە کێشی شیعری ئیتالیا و فەرانسە جەختی کردە سەر ئەوەی کە (دابەزینی روالەتی لە شێوە باوەکانی کێش و مۆسیقای شیعر نە هەڵەیە و نە تەنانەت شوێن پەنجەی هەلومەرجە. بەڵکو شێوە دەربڕینێکی نوێ و وردبینانەترە)

واتە، لادانی(گۆران)ی خۆمان لەکێشی کلاسیکی شیعر نە بە مانای هەڵەکردن و نەزانینی کێشی شیعری پێشوو، بەڵکو شێوە دەربڕینێکی نوێ و وردبینانەتری شیعرییە کە بۆ ئەدەبی کوردی ئێجگاریش پێویست بوو و دەبێ بە شێوەیەکی دیکەش بخوێنرێتەوە:

مەدەنییەت : گوڵی بەهاری حەیات
مەدەنییەت : هەوای نەشئو نوما
مەدەنییەت :وەسیلەیی ئەحیا
بۆ هەموو میللەت و عومومی وڵات !
مەدەنییەت : ئەلەکتریك، قەمەر
ئەی زیابەخشی حاڵی نەوعی بەشەر!.

پێویست ناکا بۆ چوونە ناو ئەم دەقە شیعرییە سیر تا پیاز ژیانی مامۆستا گۆران و دۆست رەفیقەکان و... بزانین و بڵێین مەدەنییەت ئاساییە. بەڵکوو دەبێ جەخت بکرێتە سەر دەنگدانەوەی "وڵات" بەتەنێ لە نیوان (حەیات و نوما و احیا) لەسەرێ و قەمەر و بەشەر و .. لە خوارێ ... بۆ ئەوەی تێبگەین کە مامۆستا گۆران چۆن هەوڵیداوە شێوە دەربڕینێکی نائاسایی بنوێنێ.

هەر بەم پێیە (فوسلێر) روانییە قەل و رێوییەکەی لافۆنتین و بەجێی ئەوە لە رووی کەسایەتی (لافۆنتین)ەوە شیعرەکە هەلسەنگێنێ لە رووی شیعرەکەوە کەسایەتی لافۆنتین و ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی پێشاندا. ئەو جەختی دەکردە سەر (ئاغە) قەل و (ئاغە)

رێوییەکان و زنجیرەی توێژەکانی دیاریدەکرد و لە رووی زمانلووسی ئاغە رێوییەوە، کە لە شیعرەکەدا لەخوار ئاغە قەلەوە وەستاوە، تەماحی توێژەکانی تری ئەو زنجیرەیەی ئاشکرا دەکرد ...

لەو توێژینەوەدا ئەو هیچکات دیاردە لاوەکییەکانی دەورووبەری / وەك ژیاننامە و شوێنهەڵگرتن و مێژوو .../ بەرچاو نەخست وئاوڕی لێنەدانەوە. ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە پێشتر بە پێی ناسینی کەسایەتی نووسەر و ژیاننامەکەی دەکرا ...

با وەکوو (فوسلێر) کارەکانی خۆی بە نیوەچڵ وێلکرد، بەڵام یەکێ لەقوتابییەکانی شێلگیرانە درێژەی بە کارەکەیدا و گوتی کە: (هەر ئافرێنەرییەك دەکەوێتە بازنەیێکی وشەناسییەوە)، ئەو ئەڵێ: (ئەو کاتەی من لاو بووم زمانیان بە میراتە تۆپیوی ئابا و ئەژدادی ئەزانی و ڕێزمانی مێژوویش ئەلحەق هەموو هەستێکی تیا کۆژرا بوو و ببووە چەند یاسایەکی وشکی دیاریکراو ..)

ئیسپیتزێر بڕیاریدابوو ئەرکی ڕەخنە بگوێزێتەوە بۆ ناو دڵی دەق. ئەو بە ئاواتەوە بوو توێ ناوەکییەکانی دەق بپشکنێ و.. ئەدیبانی ئەوکاتەش بەئەنقەست سەریان بە ڕۆخی دەقەکەوە قاڵدەکرد. خۆی دەڵێ: (ئەتگوت لێکدانەوەی ناوەڕۆك لە توێژینەوە زانستییەکاندا لاوەکییە ئەویش چ توێژینەوەیەك، توێژینەوەی ئەوان بریتیبوو لە دیاریکردنی وردی ڕۆژەکان و *ڕووداوە مێژووییەکان*، وەسوەسەی *نووسینەوەی* ژیاننامەی ئەدەب!! لەبەر چی؟ بۆ ئەوەی لایان وابوو کە شاعیر هەموو ئەو شتانە بەئەنقەست دەئاخنێتە بەرهەمەکەی خۆیەوە ..) بەڵام تەنیا ئامانجی ئەوکارە، سەرەکی

پیشاندانی کێشەلاوەکییەکان بوو و هیچی تر، (ئیسپیتزێر) ئەڵێ: (فزوولیش بوو ئەگەر بتپرسیبا ئەو بەرهەمانە چۆن بوونەتە بەرهەمی هونەری؟ چییان دەربڕیوە و لەبەر چی ئەو جۆرە دەربڕینە لە فلانە دەورەی تایبەتی فەرانسەدا کەوتووەتە بەرچاو؟)

بە گشتی ئیسپیتزێر لای وابوو ئەرکی شێوەناسی دۆزینەوەی رایەڵەی پێوەندی سیستەمی تاقەکەسی / شەخسی/ نووسەرە. ئەو رایەڵە لە راستیدا شێوازی نووسین/ سبك /ی نووسەرە، ئەو دەڵێ: (ڕەخنەگر دەبێ دەستی خوێنەر بگرێ و خۆحاست بیباتە ناو ئەو سیستەمە زمانناسییە سەرسووڕهێنەرەی کە رایەڵەی پێوەندییەکانی ئێجگار ناوەکییە، هەر لاڕێیەکی شێوەناسی لەگەڵ بڕاڤێکی دەروون پێوەندی هەیە و شێوازکێشانی خشتەی ئەو بزاڤگەلەیە.)

ئەم بۆچوونە لە باری توێژینەوەی ڕەوانییەوە/ ڕەوانکاوی / لەگەڵ بووچوونەکانی (فروێد) تەبایە، فرۆیدیش پێوابوو: (نهێنی/ ڕەمز / هەر نەخۆشییەکی ڕەوانی لە بەکارهێنانی هێندێ وشەدایە، بۆ وەی وەسوەسەکانی مرۆڤ بەو وشانە ئەدرکێ.)

ئیسپیتزێر بەو پێیە لە ساڵی (١٩٢٠)دا دەقەکانی هانری باربووس (Barbuse)ی فەرەنسەیی خستە ژێر سەرنج و توێژینەوە و گرینگی وشەگەلی زام و خوێن/ کە بەردەوام لەگەڵ وشەکانی دەم و شەرمگەدا هاتبوون / ی ڕوونکردەوە. ئەو شرۆڤەکردنە لەسەر دەقەکانی شارل لوویی فیلیپ (Ch. L. Philippe) ئەو دەرفەتەی دایێ کە گریمانەی (*بازنەی وشەکان*) بێنێتە ئاراوە. ئەو پێی وابوو

زیهنی هەر نووسەرێك جۆرە (مەنزوومەیەکی هەتاوییە) کە هەمووشتیٚ دەچێتە ناو سووڕی جەغزەکەیەوە.

بە واتایەکی تر هەر دەقێك بازنەیەکە کە لە سەنتەرەکەیدا ناوکێکی گرانیکایی هەیە کە هەموو شێوە دەربڕینەکان بەرەوخۆی رادەکێشیٚ. ئیسپیتزێر بەردەوام لەدەور ئەو بازنەوە دەچێتە سەنتەر و لەوێوە دێتەوە بۆ دەورو بەری بازنەکە.. ئەو پێشنیاری کرد کە: (سەرەتا بۆ دەستپێکی کار ئەو دەقەی مەبەستمانە بە وردی وەخوێنین بۆ وەی نامۆییەکی زمانناسانەی تیاببینینەوە، هەر ئەو نامۆییە رەنگە ببێتە هەوێنی سەرەکی بۆ دۆزینەوەی پێوەندییەکانی ناو دەق، ئەم جۆرە روانینە دەبێتە هۆی ئەوەی کە رەخنە لە دەقەوە سەرهەڵدا و پێوەرە دەرەکییەکان شوێنی ئەوتۆی لەسەر دانەنێن.) ئەو ئەڵیٚ: (بەرای من روونکردنەوەی ماکێکی زماننasی لە بەرهەمی نووسەرێکی دیاریکراودا قازانجی لەوە زیاترە کە ناوەرۆکی شێوازەکان یا تایبەتمەندی زماننasانە، ئێجگارەکی دیارییبکەین. بۆ وەی جیاوازی ئەندێشە پێویستی بە جیاوازی کەرەسەی دەربڕینە.) بۆ وێنە بڕواننە ئەم دوو دەقەی خوارەوە:

١ ـ ***یا ماری سەر خەزێنە بترسە کە کەژدومیٚ***

بەو نووکە چزووە پڕ بە دەمت کا لە زەهری مار مەحوی

٢ ـ **بەمن چی مار دووپشك شەق کا**

یا دووپشکیٚ

مەردانە یا نامەردانە

ژاری رق بە مار بچێژیٚ

من بۆ گوڵێکی رەنگاڵە عەوداڵم و ....

کەرەسەی دەربڕین لەم دوو دەقەدا مار، کەژدم و ژەهر و... ن. بەڵام هیچ کام لە نیشانەکانی ئەم دوو دەقە نایەنەوە سەر مەدلوولیك.

داڵەکانی دەقی یەك	مەدلوول/ بەپێی راڤەکاری مەلاعەبدولکەریم
مار	پیاوی رژد و دەسەڵاتدار
کەژدوم	مەرگ
ژەهر	زەجری پێش مەرگ

مەدلوول بەپێی راڤەی ئەم قەڵەمە	داڵەکانی دەقی دوو
هەموو ئەو کەسانەی لەدەرەوی بازنەی عەشقدان	مار وکەژدوم
کەرەسەی خۆ خواردنی هەردوو لا	ژەهر

شەڕی مار و کەژدوم لە دەقی یەکدا شەڕێکی رەوایە. شەڕی مار و کەژدوم لە دەقی دوودا شەڕێکی / دەسەڵاتدارانەیە لە هەردوو لاوە/ ناڕەوایە دژ بە عەشق.

هەر ئەمەش دەبێتە هۆی جیاوازی روانگەی ئیسپیتزێر و رەخنەی دەروونشیکاری. رەوانکارەکان نیشانەکان دەبەسنەوە بە مەدلوولێکی یەکجارەکییەوە و هەر بۆیە لە راڤەکاری دەقدا زۆرجاران تووشی هەڵەش دەبن...بەڵام ئیسپیتزێر وەك پێشتر ئاماژەکرا سەرەتا لە رێگەی خوێندنەوەی دەقەوە بە شهوودێك دەگا و کاتیٚ ئەو نامۆییە یەکەم ماکی ئاشکرای شێوازی دا بەدەستەوە لە مەحەکی لایەنە تایبەتییەکانی دیکەی/ بۆ وینە بازنەی وشەکان/ ئەدا و ئەوندە درێژە

بەو کارە ئەدات تاوەکو لەنێوان رۆخ وناخی ئەو بازنەدا تەبابیەکیرووئەدۆزیتەوە.

باوەکوو ئەم جۆرە شێوازناسییەی ئیسپیتزێریش زیهنییە و دواجار پێکهاتەخوازەکان لە روانگەی زمانناسییەوە عەبەسیەتی ئەو وتەزایانەیان پیشاندا و تەنانەت لە رەوتی بابەتی زمانناسانەدا دەستێوەردانی نووسەریشیان کەم بایەخ کردەوە، بەڵام هەر ئەوەندە کە جەخت ئەکرایە سەر زمان و بازنەی وشە و لارێیی و هەروەها دەق وەك کۆیەکی ئەمڕۆژی بوو بە هۆی گەشەکردنی رەخنەی نویێ. ئەو چەمکانە دواجار لەلایەن فورمالیست پێکهاتەخوازەکانەوە ئاوڕیان لێدرایەوە.

***

سەرچاوەکان:

بازی بارنگها – ویتگونشتاین

حقیقت تعین – ویتگونشتاین

زنجیرە کتێبی کۆچ :

بریتییە لە چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبانەی کە سەنتەری روناکبیری ئێلبەگی جاف، ئەرکی لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی دەگرێتە ئەستۆ.